٥١١

ئارنۆلد بێنێت

٥٠٠

# چەشەی ئەدەبی

Ktebi Pdf
k

عەزیز گەردی
کردوویە بە کوردی

چاپخانەی « الجامعة » بەغدا ١٩٧٨

بە یارمەتی
ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان ی‌ناوچەی ئۆتۆنۆمی
- بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری -
چاپ کراوە

# چەشنی ئەدەبی

نووسینی : ئارنۆلد بێنێت

عـزیز گەردی
لە عەرەبیەوە کردوویە بە کوردی

چاپخانەی (( الجامعة )) بەغدا ۱۹۷۸

# لەباتی پێشەکی

**یەکەم : تابلۆی ژیانی ئارنۆلد بێنێت .**

- ئارنۆلد بێنێت نووسەرو رۆژنامەنوسێکی هەڵکەوتوی ئینگلیزە ، لە رۆژی ۲۷ی مایسی ۱۸٦۷ لە هانلی کە کەوتۆتە ناوچەی ( ستارفۆرد ) لە ئینگلتەرە هاتۆتە دونیاوە .
- کە خوێندنی تەواو کرد ملی دایە ئاوقاتی و زۆر وتارو چیرۆکیشی بڵاو کردەوە .
- ۱۸۹۳ بریاریدا ژیانی دەقەبەر ئەدەب بکا ، چووە لەندەنو لەوێ بوو بە لادەستی بەڕێوەبەری گۆڤاری « ئافرەت » .
- ۱۸۹٦ خۆی بوو بە بەڕێوەبەری گۆڤاری « ئافرەت » .
- ۱۸۹۸ رۆمانی (کابرایەکی باکوور) .
- ۱۹۰۰ وازی لە بەڕێوەبەرێتی گۆڤارەکە هێناو کەوتە سەر نووسینی بەرهەمی بەنرخی ئەدەبی .
- ۱۹۰۲ (ئوتێلەمەزنەکەی نابلیۆن) .
- ۱۹۰۳ ( راستی لەبارەی نووسەرەوە ) .
- ۱۹۰۸ (چیرۆکی ژنە سەر سپی یەکان) .
- ۱۹۰۹ (چەشەی ئەدەبی) کە لێرەدا کردوومانەتە کوردی .
- ۱۹۱۰ (شمشێری تۆزاوی) .

لێوەردەگری و لەسەر خوێندنەوەی گەرمتر دەبێ ،

جا لەبەر ئەوەی ئەم کتێبە شتێکی بەنرخ و سوودبەخشەو سەرەتایەکی پێویستە بۆ کردنەوەی چەشەی ئەدەبی خوێنەرو راکێشانی بۆ خوێندنەوەو بەردەوام بوون و لە خەرەك دانی توانای ئەدەبی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ پێ باوێنە سەر زەمینەی ئەدەب و ئەوانەش کەوا لە خۆیان دەگەن گۆیا لە دونیای ئەدەبدا دەژین کەچی راستیەکەی رێگەی وڵاتی ئەدەبیش پێ نازانن ، جگە لەوەی کە خوێنەرە تازە هەڵاتووەکان و خونچە تازەپشکوتووەکان زۆر پێویستیان بە قسەو ئامۆژگاری رەخنەگرێکی وەك (بێنێت) هەیە ، کابراش هێندە بە کەمۆیی دەستی داوەتە قەڵەم و هێندە بە زمانێکی لووس و دارشتنێکی ڕوون و سانا بیروباوەڕی خۆی دەربڕیوە کە هەموو خوێنەرێك لە مەبەستی دەگا ، بۆیە وام بە پێویست زانی ئەم بەرهەمە بکەمە کوردی و پێشکەشی خوێندەوارانی کوردستانی بکەم .

ئیدی ئومێدە ئەم نووسینەی ڕەخنەگرێکی ناسراوی ئینگلیز سوودی ببێ و کەلێنێك لە کتێبخانەی ڕەخنەی ئەدەبیمان پڕ بکاتەوە ...

**سێیەم : چەند تێبینیەك .**

- هەر چەندە ئەم کتێبە سوودی زۆرە بۆ خوێنەری کورد ،

بەڵام بە تایبەتی بۆ کوردو بۆ ئەمڕۆ دانەنراوە ، نووسەرێکی ئینگلیز حەفتا ساڵێك بەر لە هەوکە بۆ خوێنەری ئینگلیزی نووسیوە ، بۆیە دوور نیە خوێنەری کورد هەندێ شتی بەلاوە سەیر بێو رایشی لە هەندێ شت نەبێ ، ئەمە هەقی خۆیەتی ، بەڵام سەرەڕای ئەمەش من وا تێدەگەم ڕۆناکیەکی باش دەخاتە بەرچاوی خوێنەری کورد .

● ئەمن کە ئەم کتێبەم کردۆتە کوردی ، مانای وا نیە لەگەڵ سەراپای بیروباوەڕی رەخنەگرەکە دام ، نەخێر ، من بەرامبەر هەر بەشێکی ئەم کتێبە وەکو تۆ ڕای خۆم هەیە بەڵام لێرەدا ئەو دەرفەتەم نیە شی‌یان بکەمەوە .

● ئەم کتێبەلە بنچینەدا (١٥) پازدە بەشە ، بەڵام ئێمە تەنیا (دە) بەشمان کردە کوردی و(پێنج) بەشەکەی ترمان خستە پشت گوێ ، چونکە چوار بەشیان بریتیە لە لیستەی کتێبی ئنیگلیزیو چۆنیەتی دابەش کردنو ڕێکخستنی کتێبخانەیەکی خنجیلانە ، بەشەکەی تریش (بەسەر کردنەوەیەکی ژیری) یەو هیچ سوودێکمان لە وەرگێڕانی نەدی .

ئیتر هیوادارم خوێنەری کورد ، بەتایبەتی خوێنەرە تازە هەڵاتووەکان کەلکی لێوەربگرن !

عزیز گەردی
بەغدا — ٩٧٦/٣/٢٠

# بەشی یەکەم
# ئامانجی ئەدەب

هەلەیەکی باومان لەپێشە دەبێ لە سەرەتاوە ڕێگەی لێ پاگرێ بکەینەوە ، زۆر کەس ــ ئەگەر نەڵێین زۆربەیان ــ بەو چاوە سەیری (چەشەی ئەدەبی) دەکەن کە شتێکی کەمالیو جوانە ، ئەگەر دەستیان بکەوێ دەروونیان پێدەگاتو دەبن بە ئەندامی کاراو سوودبەخشی کۆمەڵێکی دروست .

ئەم جۆرە کەسە کە دەبینن هیچ سەرەدەری لە ئەدەب ناکەن بەقەد ئەوە شەرم لە خۆیان دەکەنەوە کە لە ئاهەنگی (چینە بەرزەکانی کۆمەڵ) خۆیان بە خەشیم بکەوێتە بەرچاو و لە خۆیان تەریق ببنەوە ، یان تا ئەو رادەیە خۆیان بە شەرمەزار دەبینن کە لە هیکەوە ڕوویان لێبنرێ سواری ئەسپێکی حدوود بنو لە خۆیان ڕانەبینن ، چونکە ئەوانە لەو بڕوایە دان هەندێ شتی تایبەتی هەن پیاو دەبێ بیانزانێ یا هەر هیچ نەبێ شتێکیان لێبزانێ و ئەدەبیش یەکێکە لەو شتانە . ئەوانە دەزانن چۆن خۆیان بە پۆشتەو پەرداخی پێشان بدەنو چۆن لە هەموو بەزمو بۆنەیەکدا بە نەزاکەتی بجوولێنەوە ، چونکە ئاستی کاروباری ڕۆژانەیان ، تا رادەیەك ، بەرزەو لە بارەی پیشەگەریو کارو کاسبیشەوە سەرکەوتوون ، بەڵام خۆ نابێ ئەوە لەبیر بکەن

گە ناسین‌و شارەزابوونی ئەدەب پێویستیەکی وایە هەر کەسێ نرخی خۆی بزانێ‌و ڕیزی خۆی بگرێ ناتوانێ دەستبەرداری بێ .. ڕاستە هەندێ هونەری وەکو سازو نیگارکێشان بە قەدەر ئـەدەب گرنگ نین ، چونکە ئەدەب شتێکی وایـە دەبێ هـەموو کـەس شتێکی دەرهەق بزانێ کەوابوو ئەدەب دڵخۆشـکەرێکی نەفسووناوی گەورەیەو « چەشەی ئەدەبی » دوو ئامانجی هەیە :

یەکەم : بەڵگەی ڕۆشنبیریەکی دروستە .

دووەم : دڵخۆشکەرێکی تایبەتیە .

جارێکیان بـە ڕێکـەوت لەگەڵ مامۆستایەکی ماتماتیکـدا کەوتینە گفتوگۆ ، کابرا گەنجێکی زاناو شـارەزا بوو لە بواری وەرزش‌و یاریدا ، سەرترنجانەیەکی مەردانەی دەکردو کەمانێکی ناسکی لێ‌دەدا . قســە بە قسە باس هاتە سـەر باسی کتێب‌و خوێندنەوەو شتی لـەم بابەتانـە ، مامۆسـتاکە پێی‌گوتـم :

(( بەڵێ ، پێویستە بایەخ بە ئەدەب بدەم‌و خۆمی پێوە خەریك بکەم)) . پاشان هەڵی‌دایەو گوتی ،

((تـا رادەیەك ئەدەبم خستۆتە پشت گـوێ ، بەڵام هـەر چەندە شتی تریش باش دەزانم ، ئێستا زۆرم شەرم بە خۆیە کە لە ئەدەبدا دەست‌و پێ سپیم ..)) .

ئـەم چەشنە بیرکردنەوەو هـەر بیرکردنەوەیەکی‌تری وا هەڵەیەو هەر کەسێ بە تەواوی لە ماناو ئەرك‌و ئامانجی ئەدەبی

گەیشتبێ پێکەنینی بەم تەرحە لێکدانەوەیە دێ کە دەبێتە هۆی کوشتن و زیندە بە چاڵ کردنی « چەشەی ئەدەبی » . ئەوانەی کە « چەشەی ئەدەبی » تەنیا بە شتێکی زیادەکي دەزانن و ئەدەبیان لەلا شتێکی دڵخۆشکەرەو بەس ، هەرگیز سەرکەوتنی راستەقینە بە چاوی خۆیان نابینن ، نە لە وەدی هێنانی ئاواتی سەرەکي کە گەیشتنە پلەی کەماڵەو نە بە گەیشتنە نیمچە ئاواتیش کە بەکار هێنانی ئەدەیە وەکو ئامرازێکی ڕابواردن ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەدەب گەورەترین ڕابواردنەو مەزنترین کەماڵیش بۆ بنیادەم مسۆگەر دەکا . ئەدەب هەرگیز شتێکی زیادەکی نەبووەو نابێ ، ئەدەب مەرجێکی بنەڕەتیە بۆ دەستەبەر کردنی ژیانی تەواوو بێ گرفت .

ئەمن نەمکردۆتە خوو لە کاتی قسەکردندا پێ زیاد رابکێشم ، بۆیە وا بزانم بە خۆڕایی مۆری تاوان بە تەوێلی کەسەوە نانێم ئەگەر بێت و بڵێم هەر کەسێ شەرەفی چوونە مەیدانی ئەدەبی دەست نەکەوتبێ ، گیاندارێکە هێشتا لە خەوی گرانی پێش هاتنە دونیاوە وآگا نەهاتووەو هێشتا لە زگی دایکیدایەو بە ڕوناکی شاد نەبووە ، نە چاوی دەبینێ ، نە گوێچکەی دەبیسێ ، نە هیچ هەستێکی تری تەواو کار دەکا ، تەنیا ئەوەندە هەیە خواردنەکە دەخواو دەخەوێ و هەڵدەسێتەوەو دەجوولێتەوە ...
ئەوانەی لە دەوری راستەقینەی ئەدەب گەیشتوون زۆر پێ قرس

دەبن کە چاویان بەم هەزاران کەسە دەکەوێ لەسەر زەوی دێن‌و دەڕۆن‌و خۆیان بە زیندوو تێدەگەن ، کەچی ڕاستیەکەی وانیە ، ژیانیان لە ژیانی ورچێکی زستانی بە خێرو بێرتر نیــە .

.. ئێستا دەمەوێ پێت بڵێم ئەدەب چیــە ؟ نەء ، زۆر حــەز دەکەم‌پێت بڵێــم بەڵام چ بکــەم پێــم ناکرێ . کەسیش نیــە پێی بکرێ ، چونکە ئەدەب شتێکی وا نیــە بە یەك ووشــە باسی بکەی‌و بڵێی کاکە ئەدەب فلانە شتە .. بۆیە هــەر ئەوەندەم لە دەست دێ تیشکێك لــەم نهێنیە بدەم‌و هــەندێ ســەرەداوی لێ بدۆزمەوە و لەمەش زیاتر ناکرێ .. ئێستا دەمەوێ سەرنجێکت لە ئەدەب بخەمە بەرچاو ، بۆ ئەمەش لەگەڵم وەرە ، با بکشێینەوە دواوە ، ئەگەر حــەزیش دەکەی تۆ لــە شوێن خۆت ڕاوەستە با ڕابردووت بۆ هێروە بینم . لە بیرتە ئەو ئێوارەی لەگەڵ برادەرە دڵسۆزەکەتدا بــە بیابــە چوونە دەرەوەی ئاوایی ، دیارە ئــەم برادەرەت زۆر خۆش دەوێ‌و هیچی لێ ناشاریتەوە ، ئەو ڕۆژە خــۆت خۆش کرد بوو مەسەلەکەی بەم دوایــەی لێ‌بشاریتەوە کە بە ئێوارەوە هەستی هەژاندی ، سۆزی جۆشاندی ، گیــانی خستیتە موچرك‌و ڕاچەنینەوە ، خۆت پێ ڕانەگیرا و ویستت بە هــەر نرخ‌و شێوەیەك بێ ئەم خرۆشــانە شراوە بۆ برادەرەکەت بــدرکێنی ، برادەرەکــەشت کــەمۆ بــوو ، تێگــەیی بــوو شتێکت لایەو مکێزیشی لێ‌بوو بزانێ مەسەلە چیەو چی قەوماوە ،

بۆیەوردەوردەبەقسەوپرسیاردەیخوراندی تۆش هەر هەڵگیرو وەرگێرت کردو لە دڵی خۆتدا هێنات‌و بردت تا لە ناکامدا لە ناخی دەروونەوە هاوارت لێ هەستا :

« برا ئەو کچەی ئەمن دیتم ، موعجیزە بوو ، موعجیزە !! » .

لەم کاتەدا ، لەم سات‌و چرکەو لەحزە هەژێنەدا ، لەم سووتان‌و برزان‌و سوورو شین هەڵگەڕانەدا تۆ کەوتبوویتە شاری ئەدەب‌و تاجی ئەدەبت بە سەرەوە بوو .

با ئەمەت باشتر بۆ ڕوون بکەمەوە . بێگومان وەکو هەموومان ئاگادارین‌و بەو شێوەی کە لە موعجیزە گەیشتووین ، ئەو کچەی تۆ دیوتە موعجیزە نەبووە ، برادەرەکەشت ئەم کچەی بێ‌موعجیزە نەبووە ، خەڵکیش با چل هەزاریش بن‌و هەمووش خاوەنی هەست‌و چەشەی گەییو بن هەرگیز بیریان بۆ شتی وا نەچووە ، چونکە ئەم کچە وەك هەموو کچێکی‌تر وایەو هیچ شتێکی وای پێوە دیار نیە لە عادەت بەدەر بێ . کچیش خۆیان بە موعجیزە دانانێن ، چونکە ئەگەر داوای شتی وا بکەن ئەو حەڵە تۆ دەتوانی هەموو شتێکی جوان ، بگرە هەر هەموو شتێك بە موعجیزە دابنێی ، تەنیا ئەوەندە هەیە کە تۆ بۆت هەیەو دەتوانی ئەم قسەیە بکەی ، چونکە لەناو شەپۆلی موعجیزە نەژمراوەکانی دونیادا تەنیا هەستت بە یەکێ کردووە ، لەگەڵ ئەم هەستەشدا دەروونت گڕی گرتووەو جۆشی سەندووە ، وا چۆشاوە ئیدی کار لە کار

ترازاوه ، لەوه دەرچووه بتوانی خۆت پێ ڕابگیری و باسەکە دیزه بە دەرخوونە بکەی ، چونکە گەوتبوویتە بەر تەلەسم و ئەفسوونی هێزێکی گیانی زۆر توندو تیژو بە تەوژم ، کە دنەی دەدای ئەم نهێنیە ئاشکرا بکەی و سیری داپۆشراوی ژوورەوەت هەلبمالی . هەستت بە جوانیەك کردبوو ، مەرەقت بوو خەلکی تریش بەشـــداری ئەم هەستە بن ، سۆزێکی گەرم و گوڕت لە ناخەوە لەقی بوو بە پەرۆشەوە بووی بۆ دلسۆزێکی دەریڕی ، جا ئەم هەست و سۆزە وەکو موگناتیس بەرەو هەموو بنیادەمێکی سەر ڕووی زەوی ڕادەکێشای ، بـــە تایبەتی بەرەو دۆست و برادەرو دلسۆزەکانت .

لەمەش گرنگتر ئەوەیە هەست ڕابگرین داخۆ باری دەروون و شێوەی قســـەکردنت چۆن بووەو چون کاری لـــە برادەرەکەت کردووه .جـــاری بەر لە هـــەموو شتی برادەرەکەت دەیزانی کچە موعجیزە نیەو هیچ کەسیش نیـــە بتوانی وای ببزوێنی هەست بە موعجیزەی کچە بکا ، بەلام تۆ هێندە بە وردی لە کچە ڕاما بووی ، هێنـــدە ڕاستگـۆ بـــووی لـــە تێڕامانەکـەت ، هێندە ئارەزوویەکی گەرمیشت هەبوو کە برادەرەکەت بهەژێنی و وای لێبکەی بە چاوی تۆ تەماشای کچە بکا ، ئیدی توانیت ئەو هەستەی بخەیتە دل کە ماوەیەکی دوورو درێژە تانەی لەسەر چـــاوەو ئەو موعجیزەی نەدیتوە کە تۆ بینیوتە . بەمەوەش تۆ

ئەدەبت بەرهەم هێناوە ، تۆ زیندوو بووی ، نە چاوت بەسترابۆوە ، نە گوێت لۆکەی تێ پەسترابوو کە نەتوانی پارچەیەك جوانیو عاجباتی ئەم دونیایە ببینیو ببیسی ، پاشان هێزێکی دژواریش لە ناخەوە پاڵی پێوە نایو ناچاری کردی ئەم هەستەت بە کەسێکی تر ڕابگەیەنی ، دڵت هەر بەوەندە ئاوی نەخواردەوە کە خۆت شتەکەت دیو بیستت ، چونکە بڕوات وایە خەڵکی تریش هەقیانە شتەکە ببینن و ببیسن ، خەڵکی تریش مافی هوشیاربوونەوەیان هەیە ، مافی ژیانیان هەیە . من وای تێدەگەم - ئەگەرچی ناشوێرم بڵێم مسۆگەرمە - کە ئەو برادەرەت بۆ ڕۆژی پاشتر یا مانگی داهاتوو تەماشای کچێکی تری کردووەو کچەی بە موعجیزە بینیوە . ئا ئەمەیە ئەدەبو ئەمەیە کاریگەری ئەدەبیو ئەمەیشە دەوری ئەدەب لە ژیاندا .

وەستای چاکی ئەدەب ئەو کەسانەن کە لەم دونیایەدا موعجیزەی سەرنجکێشیان دیوەو هەستیان لەگەڵ بزواوە ، داهێنەرە گەورەو نەمرەکانی ئەدەبیش ئەوانەن کە روانینیان فراوانترو هەستیان ناسكو بەهێزتر بووە . ئەم هەستە بچکۆلانەی تۆ هەستێکی ناوەختو سەرەڕێ بوو ، کەچی داهێنەرە زیندووەکانی ئەدەب ژیانیان یەك پارچە هەستی قووڵو درێژی خۆشەو دان بە خەمو خەفەتی دونیا دانانێن ، چاویان زۆر تیژەو شتی زۆر وردو بچووك بەدی دەکەن ، جا پێویستە تۆش خۆت لێ ڕابینی کە وا تێبگەی دونیا هیچ شوێنی غەمگینی تێدا نیە ،

بۆ ئەمەش پێویستت بە پسپۆرو لێزانێکە دەستت بگرێو لە ژێر زەمینی تاریكو نوتەکدا دەرت بێنێو بتخاتە گۆڕەپانی روناكو فراوانی ژیانەوە ، بۆ ئەوەی هەستت لـە خەرەك بدرێو تامی راستی لـە ژیان بکـەیو هەست بکەی کـە خوێنی خۆتە لـە دەمارەکانتدا دەگەڕێو لە بن کراسی خۆت دایو داهێنەرەکانی ئەدەبیش بە ئاوقووفی خۆت دادەنێنو لە خۆت نزیك دەکەنەوە .

مەبەست لە خوێندنەوەی ئەدەبیات ئەوە نیە وەختی بێ ئیشی پێ بگوژینو پێی ڕابوێرین ، مەبەست ئەوەیە بەو خوێندنەوەیە هوشـیار بینەوە ، گیانمان بێتەوە بـەر ، توانای هەستکردنی خۆشیو بەشداری ویژدانیو تێگەیشتنی ڕاستیمان لەلا بەهێز بکا . مەبەستیش هەر هەندە نیە کاریگەری خوێندنەوە کە یەك سەعات بێو ببڕێتەوە ، بەڵکو دەبێ ئەم کاریگەرە هەموو ڕۆژێ ، بیستو چوار سەعات ، دەوام بکاو قەتاو قەت نەپچڕێ ، دەبێ پێوەندی نێوان بنیـادەمو دونیا بـە تەواوی بگۆڕێ ، چونکـە تێگەیشتنی ئەدەب برتیە لـە تێگەیشتنی نرخو بایەخی ژیانو جیهان . ئەوەندەش هەیە کە ئەدەب بایەخ بە تاکە تاکی بەشـە پچڕاوەکانی ژیان نادا ، بەڵکو وەکو پارچەیەکی یەکگرتوو سەیری هەموو لایەکی ژیان دەکاو بـە نەخشێکی ڕێكو تەبای دادەنێ . کاکڵی ئـەدەب ئەوەیە پارچەکانی ژیان پێکـەوە بلکێنێ ، هـەر بەوەندەش ناوەستێ جوانی دەربخاو هـەموو شتێ لەگەڵ یـەك

بگونجێنێ بەشکو بە هۆی گەڕانو پشکنینی هۆو ئەنجامو ئەڤینەوەی سۆزو سووتانەوەی دڵ ، پەندو حیکمەتی پڕ مانایان لە دڵدا دەچەسپێنێ ، نوێشكو کاکڵی ئەدەب لە دوو لاوە بۆ ناخی دەروون شۆڕ دەبێتەوە :

یەکەم : پێشاندنی ئەو جوانیەی کە هەیەو هیچ گومانی لێ ناکرێ .

دووەم : سەلماندنی ئەوە کە ئەم جوانیەمان کەم دۆزیوەتەوەو زۆری ماوە پەردەی لە ڕوو لابدرێ ، ئەمەش نرکەی بەرزی دۆزینەوەیەکە کە بەیەك هەڵچەرخانو جولانەوە بەشداریەکی ویژدانی مەزن پێشکەش دەکا . شتێکی تریش هەیە وای بە چاك دەزانم لێرەدا باسی بکەم ، ئەویش ئەمەیە :

ئەگەر پیاو خوو بداتە لێکۆلینەوەی ئەدەبیو هێندە خۆی پێوە خەریك بکا کە هەموو هەستو هۆشی دابگرێ لەوانەیە ماناو سوودو چێژی ئەدەبی لە بیر بچێ ، وەك ئەوەی بچێ گوێ بداتە گرێی شانۆگەریەکانی شەکسپیر ، یان لێکۆلینەوەکانی جۆرج سانتسبری بخاتە بەر لێکدانەوە کە لەبارەی عەروزی ئینگلیزی نووسیون ، یان ئەو بەلگەو ڕایانە بەراورد بکا کە هەندێکیان لایەنگری ئەوەن ( ڕۆسۆ ) بیژیەکی ملەوەز بووەو هەندێکیشیان دژی ئەم ڕایەن . بەڵام دەبێ هەردەم ئەوەمان لە یاد بێ کە ئەدەب هۆی ژیانەو کردنەوەی « چەشنەی ئەدەبی »

هەر کەسێ ، ئەوە دەگەیەنێ کـە باشترین ڕێگەی بەکارهێنانی ئەدەبی فێر بکەی کە هۆیەکی گرنگی ژیانە .

ئەو کەسـانەی نایانەوێ بژین ، ئەوانەی پەنا دەبەنە بـەر تەمبەڵیو تەوەزەلی ، ئەوانەی حەز دەکەن وەك مریشکە کورك کڕ بکەونو گەرمای هەستیان نەگاتێ ، واچاکە ئەم جۆرە کەسە لە ئەدەب دوور بکەونەوەو وەکـو شـیعرەکە دەڵێ : « بەئەلقـە دابنیشنو توو بخۆن .. » چونکە دوور نیە دیمەنی « خورپەی داگیرساوی یەزدانی » دەماریان بشلەژێنێو هەراسانیان بکا .

# بەشی دووەم

# باری تایبەتی خوێنەر

هەستی هەر کەسێکی ئاسایی بەرامبەر ئەدەبیاتی خۆی پڕی گومانو دوودڵیو بێبڕواییەو پڕی ترسیشە . ئەگەر بمەوێ لێرە نموونەی نووسەرێکی کلاسی باس بکەم ناچم باسی شەکسپیر بکەم ، چونکە بەرهەمەکانی شەکسپیر لە قوتابخانەدا دەخوێندرێن ، واتە هەموو دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن شان دەدەنە شانی یەکو بەردەوام تێدەکۆشن تا هەموو منداڵێکی وڵاتەکەمان بە درێژایی ژیان بکەنە دوژمنی شەکسپیر . . بۆیە واز لە شەکسپیر دێنمو ( سێر تۆماس براون ) دەکەمە نموونە ، چونکە خوێنەری ئاسایی لە منداڵیەوە یادگاری دوژمنداری دەرهەق نیە ، ئەگەرچی دووریش نیە لە شوێنێکدا کتێبێکی ( براون ) بکەوێو بە هەوای نەفەس بیکڕێ ، بێ ئەوەی ناگاتە شێوەی نووسینی ( براون ) ، بۆیشی هەیە ڕۆژێ بە ڕێکەوت لە جامخانەی کتێب فرۆشێکدا چاوی بە کتێبێکی ( براون ) بکەوێو بە هەوای نەفەس بیکڕێ ، بێ ئەوەی چاوی لەوە بێ کە کتێبەکە دڵی لێ بسەنێ ، چونکە دەنگێ لە ناخەوە بەگوێیدا دەچرپێنێ کە ( براون ) لەوانە نیە ( بەکەڵك ئەو بێ ) ، بۆیە لە ئەنجامدا شەیدایەکەی لەوە کەمتر

دەبێ کە تەمای پێ هەبوو ، کە کتێبەکەی بردەوە پێشەکیەکەی دەخوێنێتەوەو چاوێك بە لاپەڕەی یەکەم و دوو سێ لاپەڕەی بەرایی دادەخشێنێ ، لە ووشەی ڕیزکراو بەولاوە هیچی لێ هەڵناکرێنێ و کتێبەکە بە هیچ جۆرێ ڕایناکێشێ ، وەك ئەوە وایە هەر چوار دەوری درەخت بێ و دارستانەکە بەدی نەکا ، ئیتر کتێبەکە دەخاتە لاوەو وازی لێدێنێ جا هەر کاتێ کە ناوی ( براون ) بێ ، بە گورجی هەڵی دەداتێ و دەڵێ :

« بە ڕاستی شتی چاکە . . . ! » لە هەمان کاتدا پف بوون و سەرگەرمیەکیشی تێدا دەبزوێ ، چونکە هیچ نەبێ کتێبێکی (براون)ی کڕیوەو سەری بەسەر داگرتووە ، لە ناخەوەش گومانێکی قووڵ لەوان کەسان دەکا کە شەیدای ( براون ) بووین نەبادا ئەوانیش قەپۆز بڵندو هەڵخەڵەتاو بن .

ماوەی ساڵێك ، شتێکی وای پێبچێ ڕەنگە ئەو ووردەی بێتەوە بەر کە ( براون ) لێی ڕوخاندو ئەگەر لاوێکی خوێن گەرم و بە بڕوا بێ ، بۆی هەیە سەر بە لایەکی تردا بکات و نووسەرێکی کە تاقی بکاتەوە ، بەڵام بێشك ئەنجام هەر هەمان ئەنجام دەبێ و دەشێ ئەم بینەو بەرەیە دە ساڵ دەوام بکا ، تا واز لە تاقی کردنەوەی ئەدەبیاتی کلاسی دێنێ . ئەم جۆرە تاقی کردنەوانە ( گۆڤارو چیرۆکی ئەندێشەیی نوێیان لێ دەرچێ ) سەراپای مێژووی ئەدەبی خوێنەرەکە پێك دێنن .

## خوێنەری خۆشەویست :

تۆش هەروا بوویتو هەرواش دەبی ، ئەگەرچی ئێستا مێشکت گەلێ بیروڕای جۆراو جۆری دەربارەی ئەدەب تێدا دەزرنگێتەوە ، بەلاّم وەکو هەر کەسێکی ئاسایی کە دلّی قرتو فرت بکاتو پەستو پەشێو بێ ، ئاوا گومانو هەژانو دلّەڕاوکەیەکی تایبەتیت هەیە . بێگومان خۆشت باش ئاگاداری چۆن بە گەرمی چیرۆکی نوێی نووسەرێکی سەردەم دەخوێنیتەوە ، بەم گەرمیە ڕوو ناکەیتە ئەدەبیاتی کلاسیو هێندە بۆیان تامەزرۆ نیت . با نموونەیەکت بۆ بێنم : تۆ ئەگەر شەو لەناو نوێندا خەریکی خوێندنەوە بیتو کتێبێکی وەکو ( تێکچوونو ڕووخان ) ی ( جیبون ) ت بە دەستەوە بێ ، هەرگیز دەمی قسە ناکەیتە اخۆت بۆ ئەوەی بە خۆت بلّێی :

(( پێش ئەوەی خەو بمباتەوە ، دەبێ بەشێکی تریشی لێ بخوێنمەوە .. )) ، ئەمەش هۆی زۆرە ، تۆ وا تێدەگەی ئەدەبیاتی کلاسی بە قەد ناوبانگە زلەکەی خۆشی ناخاتە دلّی پیاو ، یان کە دەیخوێنیتەوە لە کاتی خوێندنەوەدا وا هەست دەکەی قەرمانێکی سەرشانت بەجێ دەگەیەنیت ، یان ئەوەتە وا هەست دەکەی کارێکی دروست ڕادەپەڕێنیو ( خۆت چاك دەکەی ! ) ئیتر تامێکی وا خۆشت ناکەوێتە بەر دەم کە لە خۆشیان لێوو لپوورت بلێسیتەوە ، هەر ئەوەندە دەلّێی : (( ئەمەم زۆر بە کەلك دێ ! )) .

لێت بــه دوور نابینم جــارو بــار پــلانێك بــۆ خوێندنەوە دابنێی ، بــەڵام خــەفەت لــەوە دایــە هــەر زوو پەلپو بیــانۆ دەدۆزیتەوەو پلانەکەتی پێ هەڵدەوەشێنیتەوە ، لەم کاتەشــدا هــەر شــتێکی مــۆری نوێیــایەتی پێــوە بــێ ، هــەر بەرهەمێکی کلاسی نەبێ ڕاتدەکێشێ‌و لە ئەدەبیاتی کلاسی دوورت دەخاتەوە . کــە جاروبار گوێت لێدەبێ ڕەخنــەگرە پسپۆرەکان دەڵێن فلان ڕیوایەتی کلاسی بەرزترین ڕیوایەتە لە دونیای ئەدەبدا زۆرت پێ چاکە ســەریان بۆ بلەقێنی‌و ڕایەکەیان پەسند بکەی‌و قسەکەشیان بجوویتەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کتێبێکی نوێ یا ژمارەی تازەدەرچووی گۆڤارێك وات خەریك دەکا بەرت بە ڕیوایەتە کلاسیەکە هەر نامێنێ . . . دەربارەی کتێبی نوێش هەمان شتە ، خۆشەویستیەکەی کەمعومرەو پاش چــەند ڕۆژێ دەترشێ‌و تامی دەگۆڕێ‌و تفت‌و تاڵ دەبێ‌و تــۆش لێی بێزار دەبی ، بۆیــە زۆر پێویســتە هــەندێ دەســتوور بەســەر خۆتــدا بســەپێنی‌و لێی‌لانەدەی وەکو :

« تا ڕۆژێ بــە لانی کەمەوە ســەعاتێك فلانە کتێبی کلاسی نەخوێنمەوە نابێ دەست بدەمە هیچ شتی تر . . » .

جــا هــەر چەندە کــە بەرهەمی کلاسی نوێتر بێ‌و لــە باری ســەردەمی تۆوە نزیکتر بێ ، و هــەر چەندە کەمتر لــە بەرهەمە کلاســیە کۆنەکان بکــا ئاســانترو دڵکێشترە ، بۆیــە تــۆ زۆرت

پێ خۆشە کە ئەم نووسەرانە بە نووسەری کلاسی دابنرێن کە تۆ خۆشت دەوێن و لەگەڵ بەرهەمەکانیان دەگونجێی ، چونکە چێژێکی ڕاستەقینەیان لێوەردەگری . ئەم سۆزو توانانەوەی کە لەگەڵ خوێندنەوەی بەرهەمی ئەم نووسەرانەدا لە ناخەوەت دەبزوێ خۆی لەگەڵ ئەو سۆزە لێکدەدا کە لە خوێندنەوەی ( چیرۆکێکی چاکی بە زنجیرە ) ی گۆڤارێك بۆت پەیدا دەبێ .

**خوێنەری ئازیز :**

لەوانەیە لە پێشاندانی باری تایبەتی تۆوە زێدەڕەوم کردبێ بەڵام وای بۆ دەچم ئێستا وات لێهاتووە وێنەی تەقریبی خۆت لەو ئاوێنەیەدا بەدی بکەی کە لەبەردەمم ڕاگرتووی ، وا بزانم حەزیش ناکەی زەقاو زەق دان بەم ڕاستیەدا بنێی ، بەڵام بتەوێ و نەتەوێ شتەکە وایەو نکولی لێناکرێ . تۆ لە خۆت رازی نی و ئارەزوویەکی هارت هەیە ببی بە نووسەرو هەست دەکەی هەلەیەکت تێدایەو کەم و کورتیەکت هەیە ، بەڵام ناتوانی پەنجە بخەیتە سەر جێ برینەوە ، لەوەش زیاتر وات لێهاتووە هەست بکەی جاروبار خۆت هەڵدەخەڵەتێنی ، شتێ لە ناخەوە پاڵت پێوە دەنێ تا وای پێشان بدەی گۆیا ئارەزووت لە شتی کلاسیە ، کەچی ڕاستیەکەی وا نیە . . . وای لێدێ هەندێ جار دڵی خۆت بەوە دەدەیتەوە کە فلانە کتێب خۆشیەکی زۆری پێداوی کەچی چاوتروکانێکی پێ ناچێ فرێی دەدەیتە لاوەو جارێکی تر بە بیرت

دا نایە بە سەریدا بچیتەوە . . . هەر ناو بە ناویش کتێبێکی کلاسی دەکڕیو بێئەوەی بیخوێنیتەوە وەلای دەنێیو بۆ کاتی خۆی هەڵیدەگری ، وەك ئەوەی بەم ڕایە گەیشتبیت کە ئەوەندەت بەسە ئەم کتێبانەت هەبێو تەنیا بوونەکەیان ئۆخژنت دەخاتە دڵەوە .

ئەگەر ڕاستت دەوێ تۆ لەم بارەدا درۆزنو تەفرەدەریو دەریایەك گەفی نیهادت لە دەروون دایە ، ئێستا کە بێز لە خۆت دەکەیتەوەو تەماشایەکی تەدو قامەتی خۆت دەکەی لەوانەیە لەبەر خۆتەوە بڵێی :

**« بە قسەی ماتیو ئارنۆلد بێ دەبێ ئێستا شەیدای پێشەکیەکەی وێردز وێرت بم ، بەلام ئەمن وا نیم ، ئەرێ ئەوە بۆ ؟ چما پێویست دەکا سەرم لە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە بئالێنم تا شەیدای پێشەکیەکەی ویردز وێرت بم ؟ یاخود دەبێ سەرەڕای ئارەزووی ئالۆزیشم بەبێ بەهرەی ناسکی چەشەی ئەدەبی لە دایك بووبم ؟ لە دڵەوە مەرەقمە ئەوەندە شیرنایەتی لە پێشەکیەکەی ویردز ویرت وەربگرم کە لە خۆشیان لێوم بلێسمەوە ، وەك ئەو شیرناتیەی لە چیرۆکە خۆشەکەی فلان نووسەرم وەرگرت کە لە فلان گۆڤار بلاو کرابۆوە . . . » .**

بەڵێ ، لێم مسۆگەرە ، لەو ساتە ناسکەدا کە ڕات لە خۆت نیە ئەم جۆرە قسانە لەگەڵ خۆت دەکەیو بەم چەشنە خۆت

دەئاخێوی . . دڵنیاشم کە توانیومە زۆر بجار لە باری دەروونت بکەمو بە ووردیش دەست نیشانی بکەم .

جـا پێـك هێنـانی « چەشـەی ئـەدەبی » شتێکی چاكو خۆشـە ، ئەگەر پیـاو بـە شتێکی چاکی نەزانی لە کارەکەیدا سـەرناکەوێ ، بەڵام ئەمەش مانای وا نیە کە پێك هێنانی « چەشـەی ئەدەبی » شتێکی سووكو ئاسانە ، چونکە بێگومان خۆشە پیاو پاڵەوانێکی بەوەج ببەزێنێ بەڵام ئەمە مانای وا نیە کە پاڵەوان بەزاندن شتێکی راستو ساناو بەردەوامە .

ئەم ڕاستیەت هەردەم لە بیر بێ کە هەرگیز ناتوانی بە هەوڵی پچڕ پچڕو نەتەی ڕووخاوەوە ئـاواتت بێنیتە دی ــ مـەبەست ئاواتی هەرە گەورەتە کە دەتەوێ سەنگێکی هەبێ ــ بۆیە دەبێ بە وورەیەکی پۆڵایینـەوە دەست بە ئیش بکـەی ، کـە ئاواتەکەت پێبێتە دی ، دەبێ تا ئەوپەڕی تەقەللادان تەقەللا بدەی و لە دڵی خۆتدا بچەسپێنی کە بـۆ ئاواتێکی بەرز تێدەکۆشی ، بۆ ئەمەش دەبی بـە پێی پـلانێکی بـەرزو ڕێکـەوە بخـەبتی . . پێیسـتە لـە سـەری سـاڵەوە رۆژمێرەکەت بێنیو ڕۆژ بە ڕۆژ دەتەوێ ئەم ساڵە چ بکەی لەسەری بنووسی بۆ ئـەوەی کـە گەیشتیتە ڕۆژی خـۆی ڕۆژمێرەکـە وەبیرت بێنێتـەوە ، چونکە دیـارە بنیادەم بێ کـەمو کورتی نابێو پێویستی بـە فێـلو دەرەچـە دەبێ بـۆ

هێنانەدی خواستو ئاواتەکانی .

**برا گیـــان :**

وەخت شتێکی زۆر پێویستو بەنرخـە ، بـە تایبەتی بـۆ یەکێکی وەکو تۆ جا دەبێ ئەم وەختە باش ڕێك بخەیتو شانازی پێوە بکـەی ، وایە زۆر کەس لەو بڕوایە دان ناتوانن بـە پێی نیزامێکی تایبەتی ئیش بکـەنو نیزام پەستو بێزاریان دەکا ، بەڵام من وای بۆ دەچم کـە بۆی هەیە مەسەلەی پێڕەو دانانو لێوەپرس بوون بە گوێرەی کەمێکیان ڕاست بێ ، کەچی زۆربەیان هەر بۆ ئەوە مل پێچی نیزام دەکەن تا هەنجەتێك بۆ تەوەزەلی خۆیان بدۆزنەوە . . بەڵام دەرهەق تۆ شتێکی ترە ، بێشك تۆ دەتوانی پێـڕەوی نیـزامێکی تایبـەتی بکـەی ، دەتـوانم بڵێم ئەگـەر بە وورەیەکی پتەوەوە چـەند ڕۆژێکی حەفتـە دیار بکـەیتو هـەر ڕۆژەو چـەند سـەعاتێك بـۆ پێكهێنانی « چەشەی ئەدەبی » تەرخان بکەی ، دیارە بەزووترین کات بە ئامانج دەگەی .

یەکەم کاری سادەو سەرەتایی کە یاریدەی سوودبوونت بدا وورەیـە ، وورەیـەکی مکوومی نەلەقیو ، وورەیـەکی بـەرزو چەسـپاو ، دووەمیش ئەوەیە کـە لەناو کتێباندا بژی ، کتێب بـە دەورو بەری خۆتدا بڵاوبکەیتـەوە ، بـۆ ئەوەی هەمیشـە شوێنـەکەت بۆنی کتێب و خوێندنەوەی لێبێ . . بۆنی کتێب

شتێکی زۆر پێویستو گرنگو بەکارە .
خوێندەوار لەیەك کاتدا تەنیا کتێبێکی لەبەردەست بێ بەسە ـ بێجگە لەم کتێبانەی وەکو سەرچاوە بەکاریان دێنێ ـ ئەوەی حەز لە ئەدەب بکاو بیەوێ بەهرەی خۆی بگەشێنێتەوە ، هەق وایە ڕۆژێ فرۆشێك ـ کە حەفتەی دەکاتە حەفت فرۆش ـ بۆ کڕینی کتێبێکی کلاسی حەفت فرۆش بایی پاشەکەفت بکا ، بەم جۆرە کتێب بە کتێب تا وای لێ دێ تاقمە کتێبێکی باش پێکەوە بنێو دەتوانێ لە ناو کارتۆنێکی ڕێك یا شتێکی وا سادە دایان بنێ .

ئەمە وەك قسەو ئامۆژگاری ، بەڵام خوێندنەوەو ئیش کردنی ڕاستی وورەیەکی پتەوی دەوێ تا بتوانێ ئەم پڕۆژە زلە بێنێتە دی و خۆی پێ بگەیەنێ .

بێگومان ئاشکرایە تێگەیشتنو وەرگرتنی ئەدەب قوربانی دەوێ ، هیلاکیو شەونخوونی دەوێ ، ئارەق ڕشتنو نەفەس درێژی دەوێ . . هەمووشمان دەزانین ئەوەی قوربانی بۆ بدرێ خۆشەویست دەبێو ئەوەی دوای ئارەق ڕشتن بکەوێتە دەست ، بە هەند هەڵدەگیرێ .

**جا کاکی خوێنەر :**

پیاوی چا بە وەرە بە قسەم بکە ، فەرموو بە ناو کتێبان بکەوەو بیانکرە . هەر کتێبێکی ڕەخنەگرە ناسراوەکان پەسندیان

کرد خێرا خۆتی بگەیەنێو بیکرە ، تا ئاوت لە دوو بێل دێ بکرە ، گوێ مـەدێ با ئێستاش ماوەت نەبێ بیانخوێنیتەوە ، بیانکرەو دایان بنێ تا وەختیان دێ ، تـا پێت دەکرێ کتێب بـە دەوری خۆتدا کۆ بکەوە .

بۆ مەسەلەی خوێندنەوەش جارێ لە سەرەتاوە هەموو جۆرە شتێ بخوێنەوە بۆ ئەوەی شارەزای دیمەنی گشتی ئەدەب بیت بە هەموو چڵو پۆپەکانیەوە پاشان تەماشا کە کام نووسەر سەرنجت ڕادەکێشێو چ جـۆرە لقێکی ئەدەب لەگـەڵ بەهرەی دەروونت دەگونجێ دەست نیشانی بکەو هەوڵ بـدە وورده وورده تێیـدا بچیتە خوارەوە . .

# بەشی سێیەم

# نیشانەی ئەدەبیاتی کلاسی

زۆربەی برادەرە دلسۆزو شارەزاکانمان چۆن بەیەخ بە پاشماوەی کۆنو تابلۆی یاسایی دەدەن هەر بەم چەشنەش بایەخ بە ئەدەب دەدەن ، بەلام ئەوەندە هەیە بایەخەکەیان کەمو کزەو ئەگەر بێتو جاروبار نەختێ زیاتر بایەخی پێبدەن تەنیا بۆ ماوەیەکی کەمو کورتەو دەوام ناکا .

ئەگەر ئێستا تۆ ڕای دوو سەد هەزار کەس دەربارەی ڕیوایەتێك وەربگری کە ڕیوایەتەکە پێش دە سال بە هۆی مەراقو پەرۆشیو بایەخی ئەوانەوە بلاو بووبێتەوەو پەرەی سەندبێ ، دەبینی بەتەواوی لە بیریان کردووەو هەرگیز خەونیش بە دووبارە خوێندنەوەی نابینن ، ئەگەر دووگارکیشی بکەنەوە لەوانەیە تامو خۆشی لێنەبینن ، کە خۆشی لێنابینن لەبەر ئەوە نیە ڕیوایەتەکە ئێستا لەوەی دە سال پێشتر خراپتر بوو بێ ، لەبەر ئەوەش نیە ئەو کەسانە « چەشەی ئەدەبی » یان زیاتر گەشابێتەوە ، بەلکو لەبەر ئەوەیە ئەو جۆرە کەسانە هێندە لە هەسانی ئەدەبیاتی کلاسی نەدراون و ڕانەهاتوون کە پشت بە چەشەی تایبەتی خۆیان ببەستن بۆ هەلسەنگاندنی بەرهەمی

ئەدەبیو وەرگرتنی تامێکی بەردەوام ، هەر بۆیەشە سەیر دەکەی ئەمڕۆ لەسەر بارێکنو خۆیشیان نازانن بەیانی دەکەونە سەر چ بارێك چ جۆرە شتێ دڵیان ڕادەکێشێ ، لێرە لەبەردەم ئەم ڕاستەقینە گەشەدا پیاو بۆی هەیە بپرسێ :

**هۆی چیە نووسەرە کلاسیەکان ناوبانگیان وا بە گەورەییو فراوانی - جیهانی - دەمێنێتەوەو نامرن ؟**

**وەلام ئەمەیە :**

بۆیە وایە چونکە ناوبانگی ئەم نووسەرە کلاسیانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە زۆرینەی خەلکەوە نیە ! بۆ ؟ تۆ ئێستا لەو بڕوایە دای ئەگەر شەکسپیر بە تەمای ڕەشەوەندی سەرشەقام بوا ناوبانگی دوو حەفتە پتر دەمایەوە ؟ ڕاستی ، ئەوانەی ناوبانگی نووسەرە کلاسیەکانیان دروست کردووەو پاراستوویانە تەنیا تاقمێکی کەمی هەست ناسکن . . کە نووسەرێکی گەورەی ریزی یەکەم هەست بە چێژی سەرکەوتنی مەردانە دەکا لە ژیان ، زۆربەی خەلکی ریزێکی وای لێنانێنو دلسۆزیەکی ڕاستەقینەی دەرهەق پیشان نادەن وەك بۆ نووسەرێکی پلە دوو دەیکەن ! بۆیە ئەم جۆرە نووسەرە بارگە سەنگینانە هێزی دەرکەوتنو مانو بەردەوام بوون لە ( کەمینەی هەست ناسك ) وەردەگرن ، کە بە ڕاستی تێیان دەگەنو دەیانەوێ خەلکیش وەکو ئەوان تێیان بگا .

**لە بارەی ئەو نووسەرانەوەش کە دوای مردن دەگەنە**

چلەپۆپەی ئەدەبی هەمان شتە . ئەم ئەنجامە پیرۆزو سەنگینە تەنیا بە پێداگرتن و سووربوونی کەمینەی هەست ناسکی خەڵکەوە دێتە دی کە هەرگیزاو هەرگیز لە ڕای پتەوی خۆیان دانابەزن .

ئەم تاقمە هەستناسکە چاویان بەرایی نادا نووسەری هەڵکەوتوو ، نووسەری بلیمەت بە تاقی تەنێ بەجێ بێڵن ، هەمیشە لێیان نزیک دەبنەوە ، بەرهەمەکانیان دەکڕن و دەیانخوێننەوەو بۆ خەڵکی باس دەکـەن ، چونکە هەستێکی وایان لـە ژوورەوە دەبزوێ خۆیان پێ لەبەر ڕاناگیرێ و دەروەستی نایەن . لێشیان مسۆگەرە کـە چەشەیەکی گەییویان هـەیە درۆیان لەگەڵ ناکات و بە هەڵەیان نابات بۆیە هەرگیز لە قســەی خۆیان نایەنە خوارێ ، تا لـە ئاکامدا وا لە زۆربەی خـەڵك دەکەن گوێیان لە زەنگ و ئاوازی نووســەرەکە ڕابێت و بگـەنە ئـەو قەناعەتە کـە نووســەرەکە نووسەرێکی بلیمەتە ، هەر بە هۆی کەمینەی هەستناسکە کە ناوی بلیمەتەکان نـەوە بـە نـەوە بـە زیندوویی دەمێنێتەوەو شۆڕ دەبێتەوە خوارێ ، ئـەم کەمینـە ئیشکەرە لە کارێکی بەردەوام و بێ پسانەوە دان ، هـەردەم بـە دوای دۆزینەوەی بلیمەتی بزردا دەگەڕێن ، ئەوەندە حـەزیان لـە زانینـەو ئەوەندە مەرەقیـان لێکۆڵینەوەیە کە هیچ هەست بە شەکەتی ناکەن ، هەر بۆیەشە زۆر بـە دەگمـەن وا دەبێ بلیمەتێك تـا سـەر بـە وونبوویی بمێنێتەوە ، سەرەڕای ئەمەش ئەم ( کەمینە هەست ناسکە ) وا

دەبێ ڕایان لەگەڵ ڕای زۆرینەی خەڵکدا بێو واش دەبێ دژیان بن ، ڕاستە زۆرینەی خەڵك دەتوانن ناوبانگی زل دەقەبەر یەکێ بکەن بەڵام گوێ بە پاراستنی نادەن . ئەگەر کەمینەی هەست ناسك لەگەڵ زۆرینەی خەڵکدا بگەنە یەك کە فلانە نموونەی ئەدەبی شایەنی ناوبانگ دانە ئەم کەمینە ووریاو چالاکە هەر ناوە ناوە ئەم ناوبانگە وەبیر زۆرینەکە دێننەوەو لەو کاتەشدا زۆرینەکە بە تەپیو تەوەزەلی سەری ڕازی بوونیان بۆ دەلەقێننو دەڵێن .

**« بەڵێ ! بەڵێ ! مادام ئەم باسەتان هێنایە گۆڕێ ، نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەم ناوبانگە بە ڕاستی هەیەو بلاویش بۆتەوە . . . »**

« ناوبانگ » ئەگەر ئەم وەبیر هێنانەوە توندو بەردەوامەی دەگەڵدا نەبێ زوو فەرامۆش دەکرێو لەبیر دەچێ .

( کەمینەی هەست ناسك ) ڕێگەی تایبەتی خۆیان هەیە ، دڵسۆزی ڕاستەقینەو شەیدای سووتاوی ئەدەبنو ئەدەبیش نرخێکی زۆری لەلا هەن . هەر سەبارەت بە پێداگرتنو خۆڕاگرتنو ڕانەگۆڕینی خۆیانە ، هەر سەبارەت بە دووپات سێپاتو سەدپاتکردنەوەی بڕیارەکانیانە کە دەتوانن پەیامی سەرشانیان بەجێ بگەیەننو لە کارەکەیاندا سەرکەون . بۆ ؟ تۆ لەو بڕوایەدای بتوانن بە بەڵگەو شیکردنەوەی زانستی کابرایەکی ڕەمەکی ئیقناع بکەن کە شەکسپیر نووسەرو هونەرمەندێکی هەڵکەوتوو

بووە ؟ نەخێر . بۆ ؟ چونکە ئەم کابرا ڕەمەکیە لە زمانیان ناگاتو ئەو زاراوانە نازانێ کە ئەوان بەکاری دێنن ، بەلام کە نەوە دوای نەوە هەزاران جار گوێ بیست دەبێ شەکسپیر هونەرمەندێکی هەلکەوتوو بووە کابرای بەستەزمان مێشکی پڕ دەبێو بڕوا دەکا ـ بڕوا کردنەکە بە ئەقلو بیرکردنەوە نیە ، بە ڕاهاتنو لاساکردنەوەیە ـ ئینجا کابراش بەش بە حالی خۆی پێکێك دەخاتە سەر زوڕناکەیو هەر دەلێ :

« شەکسپیر هونەرمەندێکی هەلکەوتوو بوو . . . »

پاشان دەچێ هەموو بەرهەمەکانی شەکسپیر دەکڕێو لەسەر تەقچکە ریزیان دەکا ، ئەو ڕۆژەی بزانێ شانۆگەریەکی شەکسپیر پێشان دەدرێ خەوو خواردن لە خۆی حەرام دەکاو هەموو کارو کاسبیەك وەلا دەنێو لە هەر کوێ بێ خۆی دەگەیەنێتێ بۆ ئەوەی بزانێ شانۆگەری هاملێتو ماکبێتو عوتێلو لیرشا چۆن کاری تێدەکەن ، کە شانۆگەریەکەی بینیو گەڕایەوە باشتر دانی پێدادەنێ کە بە ڕاستی « شەکسپیر هونەرمەندێکی هەلکەوتوو بوو . . . » ئەم هەموو شتەش سەبارەت بەوەیە کە ( کەمینەی هەست ناسك ) ڕەزیلی بەو هەستە نابەن کە دەرهەق شەکسپیر هەیانە ، منمنۆکێ نازانن ، نایانەوێ هەر تەنیا خۆیان ڕایان لە شەکسپیر بێو خۆشیان بوێو تامو بۆ لە بەرهەمەکانی وەربگرن ، ئەم قسانەم هەموو

بە ڕاستەو گاڵتە ناکەم ، بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی ئارەزووی پەیدا کردنی « چەشـــەی ئەدەبی » یان هەیە گوێی بدەنێ‌و لێی حاڵی ببن‌و ئیشی پێ‌بکەن .

باشــە ، هۆی چییە ئەم ( کەمینە هەست ناسکە ) هێندە بە زۆری بایەخ بە ئەدەب دەدەن ؟ هۆی ئەوەیە کە ئەوانە خۆشیەکی زۆر گەورە لــە ئەدەب وەردەگرن ، چۆن هەندێ کەس بە ئارەق مەست‌و ســەرخۆش دەبن ، ئەدەبیش ئاوا ئەم کەسانە مەست‌و ســەرخۆش دەکا ، ئــەم خۆشی لــە ئەدەب وەرگرتنەش وایان لێ‌دەکا سوور بن لــە بایەخداندا بــە ئەدەب‌و لێی‌نزیك ببنەوە ، بۆیە هەمیشــە خەریکی لێکۆڵینەوەی نوێن‌و خۆیان دەخەنە ژێر تاقی‌کردنەوەو بەردەوام لە خۆ فێرکردن‌دان بۆ ئەوەی دەخۆیان بگەن‌و بزانن چیــان گەرەکە ، تاقی‌کردنەوەکەشیان هــەر چەندە درێژە بکێشێ‌و دەوام بکا «چەشەی ئەدەبی» یان پتر دەگەشێتەوەو باشتر دادەڕژێ ، ئــەمڕۆ تام لــە شتێ وەرناگرن کــە لەوانەبێ ســبەینێ کــەوەڕێیان بکــا ، ئەگــەر ئەقلیــان کتێبێ نەگرێ‌و بزانن بە کەلك نایــە ، ئەو دونیــایە بەبەریان دابکــەوێ تــەفرە ناخۆن‌و لە ڕای خۆیان نایەنە خوارێ ، خۆ ئەگەر کتێبێکیشیان بکەوێتە بەر دڵ‌و پەسندی بکەن ، ئەگەر سەراپای خەڵکیش لێی بسلەمێنەوەو گومانی لێ‌بکەن ئەوان بڕوایان نالەقێ‌و بە سووکی سەیری ناکەن هــەر بە کتێبێکی چاکی دەزانن‌و هەر چاکیشــە ،

چونکه بڕوایان به خۆیان هه‌یه‌و ومتمانه به « چه‌شه‌ی ئه‌ده‌بی » ی ناسك‌و گه‌ییوی خۆیان ده‌که‌ن .

باشـــه ئه‌م نیشانانه چین ئه‌گه‌ر له کتێبێکدا په‌یدا بوون ، کتێبه‌کـه خۆشیه‌کی فراوان‌و بێسنوور لـه ناخه‌وه‌ی که‌مینه‌ی هه‌ست ناسك ده‌بزوێنێ ؟ ئه‌مه پرسیارێکی زۆر گرانه ، تا ئێستا وه‌ڵامێکی ته‌واوی نه‌دراوه‌ته‌وه . ڕه‌نگـه تۆ بیرت بۆ ڕاستی‌و دوور بینی‌و زانین‌و حیکمه‌ت‌و ڕووخۆشی‌و جوانی بچێت به‌ڵام ئه‌گـه‌ر ڕاستت ده‌وێ ئـه‌م شتانه هێنده بـه هاناته‌وه نایـه‌ن ، به‌تایبـه‌تی ووشـه‌ی یه‌کـه‌م ـ ڕاسـتی ـ و ووشـه‌ی کۆتایی ـ جوانی ـ . . .

ڕه‌نگـه کیتس وای پێ جـا بێ کـه بـه پێی روح‌سووکی‌و خوێن‌شیرینی خۆیه‌وه وا دابنێ جوانی ڕاستیه‌و ڕاستی جوانیه . ئه‌و هـه‌ر هێنده ده‌زانێ یا ده‌یه‌وێ هه‌ر هێنده بزانێ‌و بـه‌س . بـه‌ڵام ده‌بێ لـه‌وه زیاتر بڕۆم ئه‌گه‌رچی پێم ناکرێ ، کـه‌سیش نه‌بووه ، تا به ( هازلت ) و ( سانت بیف ) ڕاده‌گا توانیبی ئه‌وه ڕوون بکـاته‌وه کـه چۆنی‌و بۆچی بڕوای وا بووه فـلانه کتێب شتێکی جوانه . با دوو دێری جوان به نموونه بێنم که یه‌که‌مجار ده‌که‌ونه به‌رده‌ستم :

دارستانه‌کانی ئه‌رکادی مردوون .
خۆشی جارانیان نه‌ماوه .

ئـه‌من ده‌ڵێم ئـه‌و دوو نیوه دێر جوانن چونکـه خۆشـیم

پێدەبەخشن ، بەڵام بۆچی ؟ پێم ڕون ناکرێتەوە . هەر ئەوەندە دەزانم « کەمینەی هەست ناسك » وەکو من هەست بە خۆشی شاراوەی ناو ئەم دوو نیوە دێرە دەکەن . بڕوایشم زۆر پتەوە کە ئەو گوژم و تەوژمەی لە خۆشی ئەم دێرەو دیرەکانی تری هەمان شاعیردا هەیە وا لە زۆربەی خەڵك دەکا بگەنە ئەو ئەنجامە کە ( و . ب . ییتس ) بلیمەتە .

بەرزترین پارسەنگ و پێوانە کە پیاو متمانەی پێبکا بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی تێگەیشتنی ئەدەبی خۆی هەستی ( کەمینەی هەست ناسکە ) ، ئەگەر یەکێ هەستی لەگەڵ ئەو شتانەدا بجوولێ کە هەستی ئەوان دەجولێنێ دیارە چەشەیەکی پوختەو هەستێکی ناسکی هەیەو ئەگەنا هیچ .

جیاوازی نێوان یەکێك و یەکێکی تر تەنیا لە تەسکی و فراونی چوارچیوەی شەیدایی ئەدەب دایە . هەندێ لە ( کەمینەی هەست ناسك ) هەن کە سیفەتی گشتی بە خۆیانەوە هەڵناگرن ، هەول و تەقەللایان بلاو ناکەنەوە بەڵکو هەموو تواناو بەهرەو زرنگی خۆیان لێدەخەنە کارو هیچی لێناگرنەوە . ئەم جۆرە کەسە یاریدەی گەشەکردنی ناوبانگی بلیمەتە دەنگ زۆر نەڕۆیشتووەکانی وەکو ( کراشۆ ) دەدەن ، ئەم پەسند کردنە توندەشیان وەنەبێ لەگەڵ ڕای ( کەمینەی هەست ناسك ) دا دژو ناکۆك بێ ، بگرە هەردوولا ڕای یەگدی دەچەسپێنن و پتەوی دەکەن .

ئەدەبیاتی کلاسی بەرهەمێکە گەشەو خۆشي بەڵام کەمینە هەست ناسکە دەدا کە زۆر بە گەرمی ڕوو دەکەنە قیبلەی ئەدەب ، بۆیەش ئەم ئەدەبە هەمیشە زیندووە چونکە ئەم ( کەمینە هەست ناسکە ) زۆر بە پەرۆشەوەن بۆ تازە کردنەوەی ئەو خۆشیەی لە دڵیانەوە دەبزوێ‌و تاسـیەیەکی تیژیان هەیە بۆ پەردە لادان‌و دۆزینەوەی شت ، جا هەردەم خەریکی دۆزینەوەو داهێنانی بێ‌پسانەوەن .

ئەدەبیاتی کلاسی بۆیە نەمر نیە کە ڕەوشتێکي بەرزی تێدایە ، بۆیە نەمر نیە کە لەگەڵ چەند دەستوورێکی تایبەتیدا دەگونجێ ، بۆیەش نەمر نیە کەپشت گوێ خستن نایفەوتێنێ ، بەڵکو لەبەر ئەوە نەمرە چونکە کانگەو سەرچاوەی چەشەو خۆشییە ، بۆیە نەمرە چونکە چۆن هەنگ ناتوانێ واز لە گوڵ بێنێ ( کەمینەی هەست ناسك)یش ئاوا ناتوانن وازی لێ‌بێنن . کەمینەی هەست ناسك لەبەر ئەوە شتی ڕاست ناخوێننەوە کە ڕاستە ، چونکە مەسەلەکە بەرەوازیە ، وەکو ئەوە وایە عارەبانە بخەیتە پێش بارگین ، بەڵکو شتی ( ڕاست ) لەبەر ئەوە ڕاستە کە ( کەمینەی هەست ناسك ) حەز لە خوێندنەوەی دەکەن - ئێستا وا دەگەمە ئەو نوختەی چاوم تێ‌بڕیبوو - یەکەم ڕەگەزی پەیدا کردنی ( چەشـەی ئەدەبی ) بایەخدانی گەرمە بە ئەدەب ، شەیدابوونە ، ئەشق‌و شێتیە .

ئەگەر ئەمانەت هەبێ ڕەگەزەکانی دی هەموو لـە خۆیانەوە ڕووت تێدەکەن‌و بەســەرت دادەبارن ، ئەمەشت بەلاوە گرنگ نەبێ کــە ئەمڕۆ تام لــە ئەدەبیــاتی کلاسی ناکەی چونکـە ئەو هێزەی لە شەیدایی‌و شێتی‌و بایەخی ئەدەبیتدا هەیە ناچارت دەکا ابکەڕێی ، شت بخوێنیتەوە ، خیبرە پەیدا بکــەی ، خیبرەکەش فێرت دەکــا چــۆن هــۆی خــۆشی وەرگــرتن بــەکاربێنی ، ئێستا تەنیــا ئەوەنــدە هــەیە ڕێگــەی بــەرەو دەروونی خۆت نەدۆزیوەتەوە بەلام دلنیابە هەولدان‌و بەردەوام بوون‌و بێ‌ئۆقرەیی گەورەترین خۆشیت بۆ مسۆگەر دەکەن .

تۆ چۆن ئێستا چ بە ڕێگەی ( پۆتنی ) یەوە بێت‌و چ بە ڕێگەی ( ولهام‌گرین ) ەوە بێ دەتوانی بچی بــۆ مۆسکۆ ، ئاواش چ بــە حیکمەت بێ‌و چ بێ حیکمەت دەتوانی خیبرە پەیدا بکەی .

# بەشی چوارەم

## لەکوێوە دەست پێ بکەین؟

حەز ناکەم کە خوێنەرەکانم پێکهاتنی « چەشەی ئەدەبی » یان وا بە ئالۆزو فراوانی دەکەوێتە بەر چاو بشلەژێن‌و ترسیان لێ‌بنیشێ ، چونکە مەسەلەکە نە هێندە ئالۆزەو نە هێندە فراوانیشە وەکو دیارە . ئەوەی شەیدای ئەدەب بێ با ئاگاداریەکی وایشی نەبێ هیچ پێویست ناکا هەراسان بێ‌و بیر لە ( هەموو لقەکانی ئەدەب ) بکاتەوەو هەترەشی خۆی پێ برژێنێ ، یسپۆرو لێزانی ئەدەب تەنیا بۆ ڕێ خۆش کردن‌و سانا کردنی ئەدەبە کە هاتوون بەش بەشیان کردووەو هەر بەشەو ناوێکیان لێناوە وەکو : هۆنراوەو پەخشان ، یا ئەدەبی ئەندێشەیی‌و مێژوویی و فەلسەفی ، یا ئەدەبی سەردوولکەو دلێری‌و گۆراني ، یا ئەدەبی دینی‌و دونیایي ، و گەلێ بەش‌و پارچەی تریش . بەلام نابێ ئەو ڕاستیە گەشە بخەیتە پشت گوێ کە دەلێ : **« ئەدەب سەراپای یەك پارچەیەو بە هیچ هێزێ لێك هەڵناپچڕێ . . »** ، جا دەبێ مەسەلەی « یەکێتی ئەدەب » زۆر چاك لە مێشکی خوێنەردا بچەسپێنین‌و دڵ‌و دەروونی پێ زاخاو بدەینەوە ، چونکی ئەدەب کە بەرەنجامی هەژان‌و تاسان‌و بزواني

هەستو ئەستە لـە ژێر زەبری کاریگەری توندی ژیانەوە تەنها بریتیە لە دەربڕینی سۆزو سووتانەوەو هەلقرچانی دەروون . .
بۆ نموونە : ئەگەر بەدوای ئەو هۆیانەدا بگەڕێین کە مێژوونووس هان دەدەن بۆ ئەوەی شتێ تۆمار بکا ، دەبینین هۆیەکە هەمووی بۆ ئەو هەستە فراوانە دەگەڕێتەوە کە لە ئەنجامی شارەزابوونو تێگەیشتنی ڕۆژگاری کۆنەوە بۆی پەیدا بووەو دلی پڕ کردووە ، ئیتر هەول دەدا بۆ ئەوەی سەر لە نوێ بە پێی ڕوانینو بۆچوونو لێکـدانەوەی خـۆی وێنـەکەی بـۆ خـەلك بکێشێتەوە ، ئەگـەر لـەم نموونەیە حـالی نەبووی کـە دەلێ مێژوونووس سۆزێکی بەهێزی لـە ناخەوەیەو دەیەوێ بە خەلکی ڕابگەیەنێ ، فەرموو واز لەمە بێنـە « وەرە بـا بچین یادداشتی «جیبۆن»ت پیشـان بـدەم ، جـا قۆلو باسکی لێ هەلکەو ئەو بەشەی بخوێنەوە کە کتێبی (تێکچوونو ڕووخان) ی پێ بڕاندۆتەوە . کە بـە ووردی خوێنـدتەوە مسۆگەرمە جارێکیتر ( تێکچوونو ڕووخان ) بە بەرهەمێکی ووشكو برینگ دانانێی .

## برا گیـان !

ئەوەی دەرهـەق مێژوو گوتمان دەکرێ دەربارەی هـەموو لقـە (ووشك)ەکـانی تریش بیلێین ، بگـرە فەرهەنگەکـەی (جۆنسۆن)یش سۆزی تێدایە ، ئەگەر پێشم بڕوا ناکەی فەرموو دوا پەرەگرافی پێشەکیەکەی بخوێنەوە کـە لە شوێنێدا دەلێ :

(( ئەگەر بینیتان ئەم بەرهەمەی من زۆری کەمو کورتی تێدایە نابێ ئەوەتان لە بیر بچێ کە زۆر بەرهەمی تریش بەر لە بەرهەمی من وایان بەسەر هاتووە . ڕەخنەگری دڵگرمی کە چاوی پێدەکەوێ لێرەدا سەراپای زمانەکەمانم گرد نەکردۆتەوەو لە کارێکدا سەرنەکەوتووم کە تا ئێستا هیچ هێزی ئادەمیزاد نەیگەیاندۆتە سەر لەوانەیە ئۆخەیەك لە خۆی بکاتو دڵی دابکەوێ . . . ))

بەم جۆرە پێدا دەچێ ، تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ :

(( دەرخستنی ئەم بەرهەمەم دوا خست تا ئەو هەموو کەسانە مردن کە زۆرم حەز دەکرد خۆشییان بخەمە دڵ ، سەرکەوتنو ژێر کەوتنیش بەلای منەوە دەنگی بۆشو بەتاڵە بۆیە هێندە گوێم پێناچێ ، بە متمانەیەکی ساردو نەختە ترسێکی لۆمەو کزە ئومێدێکی شوکرانەوە پێشکەشی دەکەم . . . ))

بەڵێ ! بە متمانەوە ، بەلام قسەی خۆمان بێ متمانەکەی سارد نیە ، تێکڕای ئەم پەڕگرافە کە لە پەخشانە هەرە باشەکانی ئینگیلزیە سۆزێکی زۆر گەرمو گوڕی تێدایە . ئەگەر بە ووردی سەیری شت بکەین دەتوانین ئەم خەسیەتانە لە زۆر کتێبی وەکو (بنچینەی سەرەتایی)ی سپسەر بدۆزینەوە ، بگرە دەتوانین لە هەموو لچکێکی ئەدەبدا بیدۆزینەوە ،

هـەر لـە ئاگری دامرکاوی « گاڵتـەکانی پۆپ » ەوە تا گـڕی داگیرساوی « سویٚنبرن » . . . بەم جۆرە ئەدەبو سۆز پێکەوە لکاون ، سۆز نەبێ ئەدەب نابێ .

وایە هۆنراوە ـ شیعر ـ هەیە و پەخشانیش هەیە ، بەڵام ئەم دوو لقەی ئەدەب هیچ جیاوازی بنجییان لە نێودا نیە ، چونکە دەشێ پەخشانیش ئاوازی تێدابێ بەڵام ئەوەندە هەیە دەتوانین شیعر هەنگاو بە هـەنگاو لێك دابڕین کەچی لـە پەخشـاندا ئشتی وا سـەر ناگرێ ، کەوابوو جیاوازیەکە تەنیا لـە شێوەی داڕشتندایە نەك گەوهەری شتەکان .

ئەوەندەش هەیە بە زۆری نووسەرەکان بە تێکڕایی هەر بە خۆڕسك هەوەستیان پتر بە شیعر دێو زۆریان پێخۆشە سۆزی هەناویان بڕژێتە ناو شیعرەوە . زۆر جاریش وا ڕێك دەکەوێ کە ئەدەبی بەرز دەکەوێتە قالبی شیعرەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەخشـانی چاك هێندە لە شیعری چاك نزیك دەبێتەوە پیاو بـە زەحمەت بتوانێ لێکیان جودا بکاتەوە ، ئەگەر بەو چاوەوە سەیری شیعر بکرێ کە لە لقەکانیتر سـاناترەو زووتر دەڕژێتـە خوێنی دەمارەکانەوە ، دیارە ئەدەب هەمووی دەبێتە شیعر ، یا هەر هیچ نەبێ لە گەوهەرو چۆنیەتیـدا دەبێتە شیعر . تەماشـا دەکەی « هەرو گیف » و درۆو سـاختەکانی ( ماکۆلی ) تا ئێستاش هـەر زیندوون ، بۆ ؟ چونکـە بـە هۆی سۆزی ڕاستو بە تەوژمەوە

بوونەتە شیعر ، کەچی « گۆرانییە کۆنەکانی ڕوما » ی بوونە بەردی بن‌گۆم چونکە سۆزی گەرم‌و گەشیان تێدا نەوو . بەم چەشنە هەتا زیاتر « چەشەی‌ئەدەبی » مان بگەشێتەوەو لە خەرەك بدرێ باشر تێدەگەین کە تەقینەوەی کاریزی سۆزی دەروون دەبێتە هۆی تەنینەوەو پەرەسەندنی ئەدەب . . . جا دەبێ هەمیشە بە دوای ئەم خەسیەتەدا بگەڕێین‌و لە هەموو شتێکدا دەست نیشانی بکەین ، چونکە یەکە هۆیە بۆ پێك‌گەیشتن‌و یەکێتی ئەدەب‌و ( هەموو هونەرەکان ) . پچڕانی شیرازەی ئەدەب‌و لێك‌هەڵوەشاندنەوەی لق‌و چلەکانی لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنەوەدا نەك هەر کەلکی نیە بگرە زیانی زۆرە — یەکەم جار تۆ تەنیا هەوڵی ئەوە بدە نەختێ سامانی ئەدەبی بۆ خۆت پێکەوە بنێی‌و هەر کاتێ بڕێکت لەم سۆزە کەوتە دڵ کە نووسەرە گەورەکان دەیانەوێ پێتی ڕابگەیەنن‌و هەر کاتێ سۆزت دەربوو و پەڵو پۆی هاویشت ، وای ای‌هات ناچارت بکا ڕێکی بخەیت‌و ناوی لێ‌بنێی ، ئەو حەڵە — نەك پێشتر ، ها ! — دەست بە لێکۆڵینەوەی بەشەکانی ئەدەب بکەو لێکیان دابڕە .

وایە نامیلکەی گیرفان‌و نامەی ئەدەبی شتی چاکن کە پیاو لە سەرەتاوە خۆیان پێوە خەریك بکا ، بەڵام ڕاستت دەوێ چی ئەوتۆیان تێدا نیە ، پیاو بە تەمای ئەوان لە خۆی بگەڕێ کەشکی

لێدەبێتەوە فەریك ، بۆیە لەسەرتە لە سەرەتاوە بە دوای بیروڕای تایبەتیدا بگەڕێی و بە قووڵی هەمووی لەناویەکدا متوورێیە بکەی تا بیرێکی گشتیت بۆ پەیدا دەبێ ، پێشی ناوێ دڵت بخەیتە قرتوفرت ، نەلە بارەی ماناو ناوەرۆك و نە لەبارەی تیوری ئەدەبیشەوە . بە وورەیەکی پۆلایینەوە لێی‌بڕۆ پێش ، برسی چۆن دەکەوێتە سەر نان ، ئاوا بکەوە سەر ئەدەب و هەڵیمژە ، ئێستا ڕەنگە حەز بکەی لێم بپرسی :

« ئەرێ لە کوێوە دەست پێ‌بکەم ؟! » .

ئەگەر شتی وام لێ‌بپرسی وەك ئەوە دەکەویە بەرچاوم کە کابرای برسی بێت و لێم بپرسێ : « ئەوە ئەو نانەم لە بەرێیە ، ئەرێ لەکام لاوە قەپاڵی لێ‌بدەم . . » .

کاکە ! ئەو شتانە لە مێشکی خۆت بێنە دەرێ ، گرنگ نیە لە کوێوە دەست پێ‌بکەی ، کوێت خۆش هاتە بەرچاوو چیت بە جوانی بۆ دەرکەوت لەوێوە بۆی بچۆ ، چونکە وەك خۆت دەزانی ئەدەب ئەم لاو ئەو لای نیە ، هەمووی یەك پارچەیەو لێك‌ناترازێ ، تەنیا شتێکت لەبەر چاو بێ ، لە بیرت نەچێ کە بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی بەرهەمی پەسندی کلاسی دەست پێ‌بکەی . لە سەرەتاوە خۆت لە قەرەی بەرهەمی نوێ مەدە ، ئەمەش مانای ئەوە نیە لەسەر حیسابی کۆن خرا بڕوانیتە شتی نوێ . ئەو ڕاستیەشت لە بیر نەچێ ، ئەگەر دەتەوێ لە ئانجامدا

ببی بە خاوەنی چەشەیەکی گشتیو فراوان ، نەکەی بڕوا بەو قسەو قسەلۆکانە بکەی کە گوایە بەرهەمی نوێ بەرگەی بەرهەمی کلاسی ناگرێ ، چونکە پڕوپاگاندەی وا زۆرەو لە هەموو سەردەمێکدا هەندێ کەسی وا هەن بەدەم هەناسەی ساردەوە دەڵێن :

**« ئای ! های ! بەخوا برا پێش پەنجا ساڵ تاقمە نووسەرێکی باشمان هەبوو ، بەڵام سەد ئاخ ! هەموو مردوون ، هیچ گەنجی وایشمان نیە جێی چاوانیان تێدا بێو تێیان ڕابدیترێ ئەو جێگە چۆلانە پڕ بکەنەوە . . . »**

بە ڕاستی ئەم قسانە قسەی پووچنو نیشانەی ناتێگەیشتنی خاوەنەکانیانن . من گومانم نیە کە دواڕۆژیش پیاوی وامان دەبێ خۆیان کزو کوێر بکەنو لچ دابێلنو بە دەم ئاخو ئۆفەوە بڵێن :

**« وای هیبزە ، کەسەرێکی گەورەیە ! لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا گەلێ شاعیری گەورەی وەکو ( سوێنبرنو مردتو فرانسسو تۆمسن )و زۆر ڕۆماننووسی بەوەجی وەکو ( هاردیو کۆنرادو)و گەلێ مێژوونووسی مەزنی وەکو ( ستپسو متلاند ) مان هەبوو ، بەڵام ئێستا هەموو بارگەیان پێچاوەو کۆچیان کردووەو کەسمان نیە جێیان بگرێتەوە . . . » .**

ڕاستت دەوێ ئێمە ناتوانین هیچ نەوە ـ جیل ـ یێک کتومت وەکو خۆی بەدی بکەین تائەونەوەیە نەکەوێتە

ناومێژووەوە وهــەموو گومانێکی لێدانەوەشێ . . خــۆڕاستە ئەنــدازەی بەرهــەمی ئــەدەبی لــە ســەردەمێکەوە دەگــۆڕێ تا سەردەمێکیتر بــەڵام وەنەبێ جیاوازیەکە ئەوەندە زۆر بێ . . گومانی لێناکرێ کــە نەوەی ئیستامان کارێکی زۆر دەکاتە ســەر نەوەی داهاتوو ، بۆیــە هوشیار بــە ! نەکەی بە چاوێکی کــەم سەیری بەرهەمی نوێی ئەم سەردەمە بکەیو بیشکێنی چونکــە ئەدەبی چاك بە تۆ ناشکێ وەکو ئەوە وایت بەردا بە ســەری خۆت دابدەی تا بەردەکە بشکێنی . . ئەگەر ئێستاش لە ســەرەتاوە خۆت لــە ئەدەبی نوێ دوور بخەیتــەوە تــا بناغەیەکی پتــەو بە کۆنکریتی کلاسی بۆ خۆت دادەڕێژی دەبێ ئەوەت لە بیر بێ کە ئەم قرشەیە بەقەد هەر قرشەیەکی تری وا گەنمی تێدایە .

ڕەنگــە ئێســـــتا مــەراقت بــێ بــزانی بــۆچی پێت دەڵێم لە سەرەتاوە خۆت لە بەرهەمی نوێ مــەدە ، دەزانی بۆ ؟ چونکە تۆ هێشتا کاڵو ناسکیت ، بەم ڕادەیە نەگەیشتووی بتوانی شتی چاك لەناو بەرهەمی ئەدەبی بدۆزیتەوە ، هیچ کەسی وەکو تۆش ناگاتە ئەو ڕادەیە بتوانی بە شیکردنەوەو هەڵســەنگاندن شتی باش لە نێو بەرهەمی نوێدا هەڵبژێرێ چونکە شتەنەبا کردنی هووردەو لێككردنەوەی ڕەندەی گاو ڕەوسەی گەنم کاتێکی زۆری دەوێ . بەرهەمی نوێش دەبێ پەردەی چەشەی زۆر نەوە ببڕێ تا مشتو مــاڵ دەبێو بلاو دەبێتەوە ، کــەچی بەرهەمی کلاسی

تـەواو پێچەوانەی ئەمەیە چونکـە گەشتێکی دووری کردووەو ئـەو هەموو پەردانەی بڕیوەو بە سـاغو سەلامەتی لە مەنجەڵ دەرچووە .

## کاکی خوێنـەر !

« چەشـەی ئەدەبی » تۆش دەبێ پەردە بە پەردە بەرهـەمی کلاسی ببڕێو پاکژ بێتەوە . ئەگەر چەشـەت لەگەڵ بەرهەمێکی کلاسی نەبزووت دڵنیا بە تۆ بە هەڵەدا چووی نەك بەرهەمەکە ، بەڵام ئەگەر لەگەڵ بەرهەمێکی نوێدا نەگەیشتنە یەك ، بۆی هەیە تۆ ڕاست بکەیتو بۆیشی هەیە بە سـەهوو چووبیت ، کـەسی واش دەست ناکەوی زوو بڕیارەکـە دەربکـا کە تۆ ڕاستی یـا بەرهەمەکە ! چونکە « چەشـەی ئەدەبی » ت هێشتا نەگەییوەو دەیەوێ لە خـەرەك بدرێ ، پێویستی بە متمانە هەیە . . متمانە بە خۆبوون بڕبڕەی پشتی پێك هاتنی « چەشەی ئەدەبی » یە .

وا چاکە لە سەرەتاوە خوو نەدەیتە تەنیا یەك تاکە نووسەری کلاسی ، چونکە ئەگەر وا بکەی « چەشەی ئەدەبی » ت لە سنووری ئـەو نووسـەرە یـا ئەو بەرهەمـە دوورتر ناڕوا ، دەوێرم بڵێم چەشەیەکی وات بۆ پەیدا نابێ پێی بگوترێ « چەشەی ئەدەبی » .

ئێستا با بێینە سەر ئەوە ئاخو نووسەرێکی تازە هەڵاتووی وەك تۆ چۆن بگاتە قۆناغی شەیدا بوونی ئەدەبو بایەخ پێدانی ؟ بێگومان دەبێ لە سـەرەتاوە هەر شتێکت خوێندەوە بە ووردی

بیخوێنیتەوەو هەوڵ بدەی تێی بگەی و تێیدا بتاوێیتەوە ، ئەمەش بڕوا بە خۆبوونێکی چاکی دەوێ وەك ئەوەی بڵێی :

**« لە کابرایەکی ڕاستگۆم بیستووە دەڵێ ئەم بەرهەمە شتێکی پوختەو جوانە ، دەکرێ خۆشیم پێ ببەخشێ ، بۆیە دەبێ خۆشی هەر لێ وەربگرم . . . »**

بڕوا بەخۆبوون دەورێکی زۆر گەورەی لە گەشەپێدانی « چەشەی ئەدەبی » دا هەیە کە ئامرازو کەرستەیەکە بۆ مسۆگەرکردنی خۆشی و سوودێکی بەردەوام ، بەڵام ووریا بە ! بڕوا بەخۆبوون هەر قسەی زار نییە ، بڕوا بەخۆبوون دەبێ لە ناخەوە هەڵقوڵا بێ و هێندە گەرم و بە تین و تەوژم بێ هیچ تانەو تەشەرێك کاری تێ نەکا .

# بەشی پێنجەم

# چۆنیەتی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی کلاسی

با بۆ نموونە لە (لام)ەوە دەست بە خوێندنەوە بکەین . هۆی زۆرە کە (لام)م بۆ ئێرە هەڵبژاردووە : کابرا نووسەرێکی بەرزە ، هەست دەبزوێنێ ، خاوەنی سۆزێکی گەرمە ، بەرهەمە ئەدەبیەکانی کورتو سادەن . سەرەڕای ئەمانەش — وەکو لەمەولا بۆمان دەردەکەوێ — دەشێ بمانخاتە ناو باسو خواسی گەورەو ئالۆزترەوە .

دوور نیە تۆ (لام)ت بە کتێب بێتە بەرچاو ، چونکە ( لام ) بە ڕادەی کلاسی گەیشتووە ، بەڵام سەهووی ، ( لام ) کتێب نیە ، بنیادەمێکی وەکو منو تۆیە .

خوێنەر یا نووسەری تازە هەڵاتوو کە بیەوێ لە ئەدەب بکۆڵێتەوە دەبێ بەهۆی خوێندنەوەی کتێبەوە ڕایەکی گشتی لە بارەی نووسەرەکە پەیدا بکا ، چونکە کتێب ڕەنگدانەوەی باری دەروونو بیروڕاکانی نووسەرە ، بگرە کتێب هەر نووسەر خۆیەتی ، لە پێشت هەڵکونجاوەو دەتئاخێوێو دەیەوێ دڵی خۆیت بۆ بکاتەوەو هەستی دەروونت بۆ هەڵڕێژێ . جا خوێنەری قاڵو دنیادیتە

دەتوانێ بە هۆی کتێبەوە نووسەر بێنێتە بەرچاو و لە ڕێگای کتێبەوە تێی بگا . ئەمە ڕاستیەکە تکوولی لێ ناکرێ بەڵام خوێنەرە تازەهەڵاتووەکان دەبێ لەملاو لەولا شت دەربارەی نووسەر کۆ بکەنەوە تا بە هۆی ئەم شتانەوە باشتر لە کتێبەکە بگەن ، لێرەدا خوێنەری وورد یەکسەر پەیوەندی نێوان کتێبو مرۆڤی بۆ دەردەکەوێ و بیری کارتێککردنو یەکێتی ئەدەبو ژیانی لە مێشکدا دەچەسپێ .

کاتی خۆی ـ لە سەردەمی خۆی ـ ئەدەب ڕاستەوخۆ لە نووسەرەوە بە گوێگر دەگەیشت ، ئەمە لە هەندێ ڕووەوە چاك بوو ، بەڵام گۆڕانی باری ژیانو دەستوورەکانی کۆمەڵو داهێنانی زانستیو پەیوەندی نوێ ئابووری ئەو پەیوەندە نزیکەی نێوان نووسەرو خوێنەری سڕیەوە ، ئێستا وای لێهاتووە پیاو ناگاتە ئەوو نووسەرێك تا گوێ بۆ بەرهەمەکەی شل بکا ، لەگەڕ ئەمەشدا ئەگەر مەشق بە بیرو ئەندێشەو مێشکی خۆمان بکەین بە ئاسانی دەتوانین لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبدا گوێمان لە هەناسەی دەنگی نووسەرەکە ببێ ، وەکو ئەوەی تارمایی کابرا لە پەنا پەڕەکان بێتو بە دەنگی خۆی بۆمان بخوێنێتەوەو بماندوێنێ ، بۆیە وا چاکە بەردەوام مێشكو ئەندێشەمان لەوە ڕابێنین کە لە پەنا لاپەڕەی کتێبەوە شێوەی نووسەرەکە بەدی بکەین تا هەمیشە

کتێبەکە بـە بنیادەمێکی زیندوو بزانین ، بـە خوێن‌و گۆشت‌و دەماری دابنێین ، بەچاوێکی سووك سەیری نەکەین گوایا چەند پەڕە کاغـەزێکی بێ‌گیـانە لێکدراوەو بەرگی تێ‌گیراوەو خراوەتە بەر دەستی خوێنەر .

ئێستا با بێینەوە سەر باسەکەمان ! باسی (لام)مان دەکرد . ئەگەر بتەوێ لە ( لام ) بگەی دەبێ لەم لاو لەولا بگەڕێی‌و زانیاری دەربارەی ژیان‌و سەربردەی ( لام ) کۆ بکەیتەوە ، ئەو پێشەکیانەی بۆ بەرهەمەکانی نووسراون گەلێ لایەنی ژیان‌و کەسێتی ( لام ) یان دەرخستووە ، بیانخوێنەوە ، سوودیان هـەیە . کـە شـارەزای ژیانی ( لام ) بووی و وێنەو شێوەکەیت هاتە بەرچاو ، بە ووردی ئەو پارچە نووسینە بەرزەی بخوێنەوە کـە بە ناوی « خـەونی منداڵان » نووسیویە . لـە دڵی خۆتدا مـەڵێ « دەی ، دەی ، پـەلەی نـاوێ ، پاشـان دەیخوێنمەوە . . » نا ، نا ، بیری وا نەکەیتـەوە هـەر ئێسـتا بـڕۆ بیخوێنـەوە . ئێسـتا ئـەم کتێبە لابەو بڕۆ ( خەونی منداڵان ) بخوێنەوە . کە خوێندتەوەو تێی‌گەیشتی‌و تامت لێ‌وەرگرت ئنجـا وەرەوە سـەر تەواو کردنی خوێندنەوەی ئەم کتێبە .

( خەونی منداڵان ) بەرهەمێکی پاراوی مرۆڤایەتی زۆر بەرزە .

( لام ) لـە تەمـەنی پەنجـا سـاڵیدا نووسـیویەو ئەگـەر لـە دێری کـۆتایی وورد بینـەوە هـەست دەکـەین

که ئــەم بەرهەمەی نووسیوە تازە برا گەورەی مردووە ، ئــەم مردنە هەناوی هەژاندووەو مێشکی لەقاندووە ، جگــە لەمەش ( لام ) حەزی لە خاتوو « ئان سیمۆنز » دەکرد . ئەم حەزەی نســکۆی هێنــاو کچــە مێردی بــە ( بارترم ) ناوێك کــرد . داپیرەیشی کــارێکی زۆری تێکــرد . پیرەژن کارەکــەری کۆشکی ( بلاکسوێر ) بوو لــە ناوچەی ( هارتفۆرد شیر ) . ( لام ) کــە جاروبار مادۆنی وەردەگرت دەچوو لــەو کۆشکەدا بەســەری دەبرد ( لام ) خۆی ســەلتە زەلام بــوو لەگــەڵ مــاری خوشکیدا دەژیا کە جۆرە شێتیەکی هەبوو .

ئەگــەر لەبــەر رۆشنایی ئــەم شتانە ووتارەکەی ( لام ) بخوێنینەوە ، دەبینین ووتارەکە سەراپا گۆشەگیریو لاتەریکی ( لام ) دەردەخا . ( لام ) لــە پێشــەکی ووتارەکــەدا تابلۆیــەك دەکێشێ باسی میهرو خۆشەویستی باوکی تێدا دەکاو لە پەنا ئەم باسەوە گۆشەگیری خۆی دەردەبڕێ کــە لەم دونیا پانو بەرینــەدا هەموو شتێکی جوانو خۆشو بەسوودی لــە کیس چووەو بە تەنێ لە دیار گردێ خەمو جەخارو پەستی دانیشتووە . خەمی خەستی کردۆتە کلیلی ووتارەکەیو توانیویە جوانییەك بە خەمەکانی بدا ، یــا توانیویە پەردە لە رووی جوانی ناو خــەم لابدا . کــە ووتارەکە دەخوێنیتــەوە (لام)ت دێتــە بەرچــاو لەسەر تەختی رەبەنی دانیشتووە ، بە دەست خۆت نیە هەستت

دەبزوێو لەبەر خۆتەوە دەڵێی :

« بەخوا خەمێکی گەورەیە ئەو گەنجە جوانە بـە رەبەنی دانیشتووە . بـەڵام دەی ! هـەر چـۆن بێ دیمـەنەکەی زۆر شیرینـە ! » .

تۆ کە گەیشتیتە ئەم شوێنەو ئەم هەستەت کرد ( لام ) بە ئاواتی خۆی دەگا لە نووسینی ووتارەکەیدا ، چونکە مەبەستی ئەوەیە ئەو هەستەت بێ بداتو وات لێ بکـا بەم چەشنە بیر بکەیتەوە . بەڵام بـا بپرسین :

« لام چۆن دەتوانێ بە نووسین ئەم کارە لە خوێنەر بکا ؟ » .

ئەمـە پرسیارێکـە ناتوانین زەقاو زەق وەڵامی بدەینـەوە بەڵام دەتوانین بڵێین هۆیەکی سەرکەوتنی لام ئەوەیە زۆر ریزی راستیو راستگۆیی دەگرێ . شتێك راست نەبێ باسی ناکا کە باسیشی کرد راستگۆیانە باسی دەکـا . . . کـە باسی برا گەورەکەی دەکـاتو لە پـەیوەندی نێوان خۆیو برای دەدوێ بە درۆ نایکاتە نموونەیەکی بێ هاوتا . وەکو ئەو کەسانەش نیە ئەگەر باسی برای مردوویان بکەن دەڵێن :

« هیـچ رۆژێ هـەوری ناتـەبایی سـامالی دۆستایـەتی دانەپۆشیوین . » .

جگە لەمەش ( لام ) کە باسی تەنیاییو بێکەسي خۆی دەکا زێدەڕەوی ناکا ، چۆنە وای پێشـاندەدا ، کـە دێتـە سـەر

شێتییەکەی خوشکی مەبەستی ئەوەیە زۆر دڵسۆز بووە بۆی .

هۆیەکی تری سەرکەوتنی ( لام ) ئەوەیە هەمیشە ریز لە شتی چاکو جوان دەنێ . ئەوەیشمان لە باسی داپیرەو برا گەورەو کۆشکی بلاکسوێرو باخچە رازاوەکەیەوە بۆ دەردەکەوێ .

شتێکی تریش هەیە بە گوێرەی مەبەستی سەرەکیمان باسێکی سانەویەو بەشێکە لە میکانیکیەتی مەبەستە گەورەکە — ئەویش وێنەی منداڵانە — لەو ساتەوە کە دەبن تا پێدەگەنو سیس دەبنو هەڵدەوەرێن .

نووسەر لە وێنەکێشانی منداڵان گۆی هونەری بردۆتەوە . زۆر بە ئێسك سووكی منداڵەكانی پێشان داوە :

- جۆن دەمی بەش کردۆتەوە ، پێدەکەنێ . وات لێ دەکا لە دڵی خۆتدا بڵێی : بەخوا شتێکی هیچە .
- ئەلیس هامێزی کردۆتەوەو نەرم نەرم پێی راستەی دەجوڵێنێتەوە ، کە تەماشای دەکەی لە جوولە دەکەوێ .
- جۆن خۆی رادەهەژێنێو برۆ هەڵدەتەکێنێو زاتێك پێشان دەدا .
- جۆن هێشوە ترێیەکی پیس دەخاتە سەر قیرتەبەقی بەردەمیەوە .
- لەولاوەش کۆمەڵە منداڵێك تێك هەنگژاونو قارو قیژیانە .

« داوام لێدەکەن چیرۆکی دایکی جوانەمەرگیان بۆ

بگێڕمەوە . » .

( لام ) بە کێشانی ئەم دیمەنانە وورد وورد کارت تێدەکاو وەستایانە منداڵەکانت دێنێتە بەرچاوو دەیانخاتە بەر دڵتەوە . هەست دەکەی ئەم منداڵانە چەند حەزیان لە لاسا کردنەوەیەو هەستی منداڵانەیان چـەند تەڕو ناسکەو چـەند حـەز دەکەن نەکەونە هەلەو چەند تەنگاون لەبەر ئاگری خەم رابکەن‌و خۆیان بە کۆشی خۆشی دابدەن . بەراستی دیمەنێکی جوانەو ئێستا هەمووومان وەکو نووسەرەکە بە روونی لەبەر چاومانە . ئەوەندە بـە قووڵی لـە دڵو دەروونمانەوە چەسپاوە شێتی کردووین .

کـەس نـەڵێین ، تـۆ ، ئەگـەر دوای چـەند رۆژێ ، منـداڵێکت لـــە کۆڵانێ بکەوێتـــە پێش چـــاو .

بـــە دەست خـۆت نیـــە وێنـــەی منـداڵەکانی (لام)ت دێتەوە بەرچاو . یا جوانی منداڵەکانی ( لام ) لەو منداڵانەی کۆڵانێدا بەدی دەکەی . جا ئەگەر تۆ خودان خاوو خێزان بی‌و منداڵی ســەرکەو بنکەت هەبێ رەنگە منداڵەکان بەهۆی چەقەو هەڵبـەزو دابەزی رۆژانـە سیحری جوانییـان نـەختێ کـەم بووبێتەوە ، بـەڵام کـە ( لام ) باسی جوانی منداڵت بۆ دەکاو تۆش بەدڵو گیان گوێی لێرادەگری سەر لە نوێ هەستت زاخاو دەداتەوەو سیحرو جوانی منداڵەکانت لا زیندوو دەبێتەوە .

بێگومان ئـەو وێنەی کـە ( لام ) دەیکێشێ تا لە راستیەوە

نزیکتر بێ باشتر هەست دەبزوێنێ . ئەگەر ئێنگەی ئەو منداڵانەی ( لام ) باسیان دەکا نە هەبووین و نە هەن ، بەڵکو خۆی بە خەیاڵ دروستی کردوون ئەو حەلە کار تێکردنەکە بەهێزتر دەبێ . رەنگە باسی « دایکی جوانە مەرگ » کاسی کردبیت ، ئەگەر بزانی ئەو ژنەی ( لام ) بە جوانە مەرگی دایکی منداڵان ناوی بردووە ، نە دایکی راستەقینەی منداڵەکانەو نە خێزانی (لام)یشە ، ئەو حەلە کاستریش دەبێ . .

بێشك دوای خوێندنەوەی ئەم ووتارە لە مێشکی خۆتدا لێکی دەدەیتەوەو بەو ئامانجە دەگەی کە ئەم ووتارە بۆیە کاری تێکردووی چونکە سۆزی راستەقینەی کابرایەکی چاوکراوەی تێدایە کە بەردەوام خەریکی دۆزینەوەو شیکردنەوەو پێشاندانی جوانییە ، جوانی کۆشك و تەلارو باخچە ، جوانی رەوشتی بەرزی پێشینان ، جوانی منداڵان ، جوانی دۆست و برادەران ، جوانی خۆشی سەرنوێنی نەرم و گەرم . ئەم هەموو جوانییانە کۆبوونەتەوەو لەگەڵ خەم و ئەشکەنجەی دەروونی نووسەر تێکەڵ بووین و تواونەتەوە ئێستا جێی خۆیەتی ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین :

**« بۆچی ووتاری ـ خەونی منداڵان ـ بە ئەدەبی کلاسی دادەندرێ ؟ » .**

بۆیە بە ئەدەبی کلاسی دادەندرێ چونکە :

١ – سۆزێکی گەرمت پێدەدا هەروەکو بە نەوەکانی پێش تۆیشی داوە .

٢ – وات لێدەکا بە هێزێکی توندترو روانینێکی فراوانترو بە شێوەیەکی بەرزتر لەگەڵ خورپەی ژیاندا بجوولێی . بۆیەش وات لێدەکا چونکە نووسەرەکە هۆشێکی کراوەو زەینێکی تیژی هەیە . هەستێکی بزواوی هەیەو ناتوانێ هەستی خۆی . بخواتەوە ، تا بە خەڵکی رانەگەیەنێ ئۆخە لە خۆی ناکا .

٣ – لە قسەو دەربڕیندا زۆر راستگۆیە . تا بتوانێ شت بە دەقە خۆی دەخاتە بەرچاو ، بێ زیادو کەم لێی‌دەدوێ و لەبەردەم خوێنەردا پانی دەکاتەوە .

ئەگەر – خوا نەخواستە – ( لام ) مەرجێکی لەمانە کەم بوایە نەدەبوو بەم مرۆڤەو دەنگی هێندە نەدەڕۆیشت و نەدەبوو بە نووسەرێکی کلاسی ، چونکە ئەو حەلە چاوی هێندە تیژ نەدەبوو جوانی و گەورەیی لە شتي ووردو بچووکدا بەدی بکا ، بەدیشي بکردایە هێندەی نەدەکەوتە بەرچاو بایی ئەوە بکا بۆ خەڵکی دەرببڕێ ، دەریشی ببڕیبوا وای پێ دەرنەدەبڕا کار لە خوێنەر بکا . هەر چۆن بێ نەیدەتوانی ئەم راچەنینەت پێبدا کە پێی‌دەڵێن خۆشی و لە ئەنجامي بەشداری سۆزی گەرمەوە سەر هەڵدەدا .

**گـاتێ کـه ( لام ) لەسـەر تەختی رەبەنی دانیشت و بـرا** گەورەکەی کەوتە ناو گۆڕی تاریك و خوشکە شێتەکەی لە دیاری دانیشت ، لـە دڵی خۆیـەوە بەمـە گـەیشت کـە بـەراستی **« ئەمە شتێکی جوانە ، خەم جوانە ، ئازار جوانە ، ژیان جوانە ، دەبێ ئەم خەڵکە ئاگادار بکەمەوە ، تێیان بگەیەنم . . » .**

کابرا کلاسیە چونکـە دەیەوێ و دەشتوانێ تێمان بگەیەنێ و شتی نوێمان بداتێ . . . ئێستا پاش ئـەو باسـەی دەربارەی ( لام ) کردمان رەنگە تۆ لە دڵی خۆتدا بڵێی :

**ئەدی پاشـە لە بارەی ـ شێوە ـ ناودارەکەی ـ لام ـ چی دەزانی ؟ و ناوبانگەکـەی لـەچی دایـە ؟ »** ئەمـە بـا بـۆ بەشی داهاتوو بێ .

# بەشی شەشەم

## شێوە

جارێکیان هەندێ کتێبمان هەڵدەسەنگاند ، بیستم — هەندێ لەوانەی ناوێرن رای خۆیان لە دیار نووسەران دەربارەی ئەدەب دەربڕن — دەیانگوت :

**« بۆی هەیە کتێبەکە لەبارەی ئەدەبییەوە نزم بێ ، بەڵام شتی جوانی تێدایە . . » یان « کتێبەکە شێوەی دارشتنی لاوازە بەڵام بەراستی باسەکەی خۆش و هەست بزوێنە . . . » یان « زۆر شارەزا نیم ، بۆیە خۆم بە شێوەی نووسین ماندوو ناکەم ، من بابەتی چاکم دەوێ . بابەتەکە چاك بێ پەسندی دەکەم جا رەخنەگرەکان کەیفی خۆیانە چی دەڵێن با بڵێن . . . » .**

ئەمانەو گەلێ سەرنجی تری وامان دەکەوێتە بەرگوێ کە دیارە خاوەکانیان بیری لێك جودا کردنەوەی شێوەو بابەتیان لە مێشك دایەو شێوەی نووسین بە پاشکۆی بابەتەکە دادەنێن . بە پێی لێکدانەوەی ئەم برایانە ئەگەر

نووسـەرێ بیـەوێ ببێ بـە نووسـەرێکی کلاسی دەبێ پێشتر بـابەتێك بدۆزێتـەوەو رێکی بخـا ئنجـا بیخـاتە بـەرگێکی قەشەنگەوە کە شێوەی نووسینە تا دلی ئەو بنیادەمە عاجباتیانە رازی بکا کە پێیان دەگوترێ « رەخنەگر » .

قسەی لەسەر نیە کە ئەم چەشنە بۆچوونە هەلەیەو شێوەی نووسین قەتاوقەت لە بابەت جودا ناکرێتەوە ، چونکە نووسەر کاتێ کـە بیرێکی دەکەوێتـە مێشك لـە شێوەی ووشـەدا بۆی پەیدا دەبێ ، ئـەو شێوە زەینییەش بنچینەی شێوەی نووسینەو لـە ژێر دەسەلاتی بیرو بابەتەکەدایە ، چونکـە بیر بە ووشـە نەبێ دروست نابێ . یەك جۆرە بیر تەنیـا لەیەك جۆرە ووشـە دادەڕژرێ . قەت پێت ناکرێ یەك شت کتومت وەکو خۆی بە دوو شێوە دەرببڕی ، چونکـە ئەگەر بـە ئاستەم دەست لـە ووشەکان بدەی و بیانگۆڕی پەردەی ئـەو گۆڕانە بەسـەر بیرو بابەتەکەشدا دەکشێ . جا تا بیر نەگۆڕێ ووشە ناگۆڕێ .

راسـتە ! نووسـەر دوای ئـەوەی بیرو سۆزی دەردەبڕێ دەشێ مشت و مـالی بکـا ، بەلام بۆ ناپرسی : چ مشت و مـال دەکـا ؟ ئەگەر بلێین شێوەکەی مشت و مـال دەکا قسـەکە وا دەگەیەنێ کـە بیرەکەش مشت و مـال دەکا چونکە دیارە هەلەو کەم و کورتییەکی لە بیرەکەدا دیوە دەیەوێ راستی بکاتەوە .

بیر یا بابەت چۆن بە ووردە پارچە دەردەبڕێ کە ووشـەیە ،

خۆیشی ئاوا لـە کۆمەڵێ ووردە پارچەی یەکگرتوو پێکھاتووە . ئەو کاتە پەیدا دەبێ کـە دەربرڕێو هـەر خۆیشی ڕێگای خۆی دەکاتەوە . . . بیری ڕوون دەربڕینەکەی بە ڕوونی دێ ، بیری ئاڵۆزیش بە ئاڵۆزی . ئەگەر باوەڕ ناکـەی لـە بارەی دەروونو شێوەی دوانی خۆت وورد بەرەوە زۆر بە چاکی ئەم ڕاستیەت بۆ دەردەکەوێ .

چۆن زانست بریتیـە لـە پێشکـەوتنو تێگەیشتنی شتی ئاسـایی ، ئەدەبیش ئاوا تەنیـا پێشکەوتنی قسـەی ئاسـایی ڕۆژانەیەو هیچیتر . جیاوازی زانستو تێگەیشتنی ئاسایی بە پلەو ئەندازەیە نەك چۆنێتی ، هەروەها جیاوازی ئەدەبو قسەی ئاساییش تەنیا بە ئەندازەیە .

ئەگـەر ( بزانی بیر لـە چ دەکەیتـەوە ) دەتوانی بیرەکە بـە پوختەیی دەربڕیو وا بکـەی تێت بگـەن ، بەڵام کـە ( نەزانی بیر لە چ دەکەیتەوە ) زمانت دەگیرێو قسەت بۆ نایە .

بـا دوور نەڕۆین تۆ سـەیری خۆت بکە دەبینی لـە ژیانی ڕۆژانەتدا باری زەینو دەروونت چۆن بێ شێوەی هەڵسوکەوتو ئاخافتنیشت وا دەبێ . کـە بـاری ناوەوەت ناسكو هێمن بێ شێوەکەت تـەڕو ناسك دەردەچێ ، کـە توندو تیژیش بێ شێوەکەت ووشكو برینگ دەردەچێ .

دوور نیـە هەندێ جـار کـە سۆزی دەروونت هەڵدەکا لە

دلی خۆتدا بڵێی :

**« بریا بمزانیایە رازی دەروونم دەرببڕم ! » .**

**ئەم قسەیە هەڵەیەکی زلە . دەبێ لەباتی ئەمە بڵێی :**

**«بریا بمتوانیبایە ـ لەم جیهانە بەرزەدا ـ باش بیر بکەمەوە !»**

ئەگەر بە روونی بیر بکەیتەوە بێگومان هیچ تەگەرەت نایەتە رێ بۆ دەربڕینی ئەو بیرەو بگرە تانەیدرکێنی خۆت پێڕاناگیرێ . کە هەندێ جار ناتوانی گرێی دەروونت بکەیتەوە لێتمسۆگەر بێ هۆی ئەوەیە هیچ بیری روونت لە مێشك‌و دڵدا نیە ، ئەو شتەش کە ئازارت دەدا ئارەزووی شیکردنەوەی گرێی دەروونت نیە بەڵکو ئارەزووی بیرکردنەوەی روون‌و رەوانە .

لەم هەموو نموونانەی سەرەوەدا بۆمان ساغ دەبێتەوە کە شێوەو بابەتی نووسین یەك پارچەن ، پێکەوە پەیدا دەبن‌و پێکەوەش گەشە دەکەن . هیچ هێزێ نیە لێکیان جودا بکاتەوە . ناکرێ بابەت چاك بێ‌و شێوەکەی خراپ بێ . رەنگە تۆ ئەم قسەیەت بە دڵ نەبێ . ئەگەر وایە با نەختێ ووردتر باسەکە شی بکەینەوە :

یەکێ بیەوێ بیرێکی جوانت پێڕابگەیەنێ دەبێ کۆمەڵە ووشەیەك بەکار بێنێ ، ئەم ووشانە شێوەی دەربڕین پێك دێنن . جا کە شتەکە دەخوێنیتەوە دەڵێی : « بە راستی بیرێکی جوانە ! » کە بەم رادەیە گەیشتیت‌و ئەم قسەیەت کرد ئاواتی نووسەرەکە دێتە دی کە ویستوویە بیرە جوانەکەت پێبدا ،

بـەڵام توخوا چۆن زمانت هەڵدەگرێ بڵێی : « بەڕاستی بیرێکی جوانـە بـەڵام شێوەکەی جوان نیـە . » یەکـە هۆی دەربڕین و تێگەیشتنی تۆو نووسەرەکە ووشەیە ، جا کە بیرە جوانەکەت بۆ گەیشتووە بیر ناکەیتەوە چۆن پێت گەیشتووە ؟ بێگومان بەهۆی ووشەکانەوە ، بە ناو ووشەکاندا . کەوابوو دەبێ جوانییەکە لە ووشەکانیش دابێ . لەوانەیە هەندێ جـار دوای ئەوەی شتێ دەخوێنیتەوە یا گوێ لە قسەیێ ڕادەگری بـە شانازیەوە بڵێی :

« نـەیتوانی شتەکـە بـە چـاکی دەربڕێ بـەڵام من لـە مەبەستی گەیشتم . . . » .

تۆ چۆن لـە مەبەستی گەیشتی ؟ دیارە بـە هۆی ووشـەو شێوەی دەربڕینەوە تێی گەیشتووی ، کەواتە دەبێ ووشەکانیش کۆك بن و کابراش توانیبێتی شتەکە دەرببڕێ . جگە لەمەش ئەگەر شێوەکەی ئاڵۆزو بڵۆز بێ تۆ ناتوانی بـە تەواوی تێی بگـەی ، هـەر هیچ نەبێ ناتوانێ لە مەبەست و هەستی دەروونی بگەی . بابەت ئەوەیە پێت دەگاو چار نیە دەکەوێتە بەر کاریگەری شێوە .

تـا ئێرە پێشـەکی بوو . ئێستا با بزانین شێوە چییە ؟ بۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەم مـەبەستە دەمـەوێ چـۆن بیر لـە هەڵسوکەوتی برادەرێکت دەکەیتەوە کـە باش بینـاسی ئاواش بیر لە شێوەی نووسەر بکەیتەوە . ڕەنگە یەکێ بناسی کە هێمنە بەڵا لاساریشە . جـا کابرا کـە هێمنە چۆن زانیت لاسـارە ؟

ئەمەت لـە هەندێ ووردە ڕەوشتی ڕۆژانـە بۆ دەردەکەوێ وەکو سوورو شین هەڵگەڕانو لێو تەترە کردنو چاو سووربوونو سپی هەڵگەڕانی پەنجـەی دەست . کەواتە دیـارە کابرا لـە بنجدا هێمن نیـە .

دەشێ یەکێکی‌تر بناسی کـە بەدەوام کڕو لەسەرخۆیە بەڵام دڵت پێناکرێتـەوە . دەزانی بـۆ ؟ چونکـە ئێسکی قوڕسـەو شێنەییەکەی ڕەسەن نیەو زۆر جار پەستت دەکا .

دەگونجێ برادەرێکی‌تر ناس بکەی کە گرانو سەنگین بێ بەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا هەستی ویقارو بەهێزیت پێدەبەخشێ چونکە ویقارو سەنگینی هاوشانی یەکنو هەمیشە پێکەوەن .

دووریش نیـە زەلامێکی دی بناسی کـە هەمیشـە پەستو خەمبار بێ . وای تێدەگەی بـە خۆڕسك پیاوێکی سۆزاوی بێ چونکە شتێکی لەچاودایە .

بێگومـان لـەم نموونانەی سـەرەوە دیـارە کـە ڕەوشتو میزاج تێك دەکەنەوە با جاروباریش بە پێچەوانە بکەونە بەر چاو ، هـەر هێنـدەیە لایـەنێکی ڕەوشـتەکە دژی لایەنێکی‌تر دەوەستێو بەس . پاش تاووتوو کردنی تەواو پیاوی سـووك سووكو پیـاوی گران گـران دەردەچێ . بـە کورتی : میزاجی پیـاو لـە ڕەوشتیەوە دیـارە . ڕەوشتیش بەرەنجـامی هەژانی میزاجەو لەگەڵیدا دەگونجێ . جا ( شێوە ) و (بابەت)یش کتومت هەمان شتە .

لەوانەیـە قسـەی پێشـووم رەت بکـەیتەوەو بلێی :
« **وا نیـە ! نەرمی‌و کەللەرەقی پێکـەوە هـەڵناکەن . کـابرا کەللەرەقییەکەی گێچـەڵ بۆ خۆی‌و خێزانەکەی پەیـدا دەکـاو نەرمییەکەی دادیان نادا .** » .

راستی کابرا کەللەرەقە ، کەللەرەقییەکەی لـە نەرمییەکەی زیـاترە . ئەوەش بـە وەخت دەگۆڕێ چونکـە رەوشت‌و میزاج **هەمیشـە دەگەنەوە یەك** . (شێوە)ش وایە . ئەگەر نووسەرێك دە **لاپەڕە تەنگەنەفەست** بکـاو دە دێڕ دڵت رابکێشێ پێویست ناکا بەرووی‌دا بتەقیتەوە . مەڵێ (شێوە)کەی رێگەی (بابەتی ئاشکرا)ی **گرتووە . دەبێ یەکسـەر کـابرای نەرم‌و کەللەڕەقت بێتـەوە** یـاد . بـەم جۆرە هـەر چـەندە قووڵتر سـەیری بکەی ئەم راستیەت بۆ روونتر دەبێتـەوە کـە چاکەو خراپەی ( شێوە ) رەنگدانەوەی چاکەو خراپەی (بابەت)ەکەیەو هیچی‌تر .

( **تۆماس‌کارلایل** ) نموونەیەکی بـەرزە بۆ ئـەم راستیە پشت‌گوێ‌خراوە . **چەندمان بیستووە دەڵێن دڕی‌و** نەشازی شێوە بابەتی نووسینی (کارلایل)ی راگێڕاوە ! راستي ئەوەیە کە بابەتی کارلایل بەقەد دڕی‌و نەشازی شێوەکەی نەشازە . کارلایل خۆیشی رەوشتی نەشـاز بوو . قینچکە تەنگ بوو . زۆربەی جولانەوەی ئەگەر بڵحیش نەبێ جێگەی تیزو قەشمەریە ، زۆربەی حوکمەکانی ناتەواون . کـە بەرهەمێکی رەخنەیی توندی ئـەم

نووسەرە دەخوێنێتەوە لە دلی خۆتدا دەلێی : « ئەمە شتێکی جوانە ، ئەم کابرایە زۆر لایەنگری دادو راستیە ! » بەلام لەهەمان کاتیشدا دەلێی : « زۆر درۆ بێرەحمانە ئاگر لە پشتی خەلك بەر دەدا . » ئەمانە دیارە ( شێوە ) نین بەلکو (بابەت)ن . زۆر جاریش کە کتوپر سۆزی هەلدەچێ‌و زوو سارد دەبێتەوە رەنگە بلێی « ئەمەیە ـ کارلایل ـ ی راستی ... » لەم بارەدا دەبینی شێوەکەی لەو پەڕی چاکی دایە نە درەو نە نەشاز . ئەگەر لەم بارەدا باس باسی کارلایل ی ( راستی ) بێ دیارە شێوەکەش شێوەی ( راستی ) کارلایل ە ، بەلام وای پەسند دەکەم ووشەی راستی هەلبگری‌و ووشەی ( باشتری ) لە جێدابنێی : ( ئەمەیە ـ کارلایل ـ ی باشتر ... ) . ئەگەر کارلایل هەموو ئەدەبەکەی لەم ( باشترین بارەدا ) بەرهەم بهێنایە دەبوو بە بلیمەتێکی کەموێنە . بەلام خۆی بێ سەروبەر بوو . شێوەکەیشی ئەم مۆرکەی پێوەیە . شێوەکەی بۆیە بەعەیبە چونکە بابەتەکەی عەیبدارە .

لە ئەدەبی کلاسیدا دەبینی شێوە هەمیشە رەنگدانەوەی بابەتە . ئەوەتا ( خەونی مندالان ) ی چارلز لام زۆر بە ساکاری‌و هێمنی ، بە شێوەی چیرۆك دەست پێدەکا ، پۆشین ـ توریە ـ ی وای بەکار هێناوە لەگەل مندالان دەگونجێ . پاشان کە دێتە سەر داپیرە ـ فیلد ـ شێوەکەی غەمگین دەبێ ، کە دەچێتە

سەر هەستێکی خۆشی وەکو ئەو هەستەی خانوە کۆنە ڕازاوەکە دەیبزوێنێ شێوەکەی وەکو بابەتەکە خۆشو جوان دەبێ . ئەم جوانیــە زیاد دەکاو هەڵدەڕژێ ئــەو کاتەی کــە دێتــە سەر باسی باخچەی خانوەکــە کــە لــە هەموویان جوانترە ، زۆر بــە ڕاستگۆیی سۆزی ڕاستەقینــەی دەردەبڕێ ، ئنجــا شێوەکەی وردە وردە گەرمترو گرانتر دەبێ تا بە چلە پۆپە دەگــا ئــەو کاتەی دەڵێ : « وەستابوومو تەماشام دەکرد ، هەردوو منداڵەکە لەبــەر چــاوم بچــووك بوونــەوە ، هــەر بچــووك بوونــەوەو بچووك بوونەوە تا لە ئاگامدا وەکو دوو تارمایی بۆر لــە ئاسۆدا توانەوە . ئــەم دیمەنە بەبێ قســە کاری تێ‌کردم ، لــە قسە باشترو توندتر کاری تێ‌کردم . » .

بــەم جۆرە ( شێوە ) هەمیشــە فەرمانبەرداری (بابەت)ە .

ئێستا لەوانەیە بڵێی :

« ئەمــە ڕاستەو شتێکی زۆر ئاســاییە ، ئەدەب وا نەبێ شتێک ، بووچی ، لێدەردەچێ . ئەوەی وەك وەعز و ئامۆژگاری دەم لە باسی خۆشەویستی یدا ، ئەوەی وەك ختووکە دانی منداڵانی قوتابخانە ئامۆژگاری دابداو ئەوەی ، وەك نوکتە گێڕانەوە باسی مردن بکا دیارە کارایەکی گێلو وێل و بێمەعریفەتە . . . » .

با بزانین ئەوانەی دەڵێن : ( من فلانە کتێب لەبەر خــاتری جوانی شێوەکــەی دەخوێنمەوە . . ) مەبەستیان چییــە ؟ من

نازانم مەبەستیان چییە ـ تا ئێستاش نەمتوانیوە سەبارەتێکی ماقوولیان بە پەسندی لێوەربگرم ـ ئەوە نالێم ئەگەر بۆ خاتری زرنگەو ئاوازی ووشەکان پێیان خۆش بێ .

ئەوەش بزانە کە کتێبێ دەخوێنیتەوە تەنیا سێ شت هەن سەرنجت رادەکێشن :

**١ ـ مانای ووشەکان ، ئەویش پەیوەندیەکی چری بە بیرەوە هەیە .**

**٢ ـ دیمەنی ووشەی چاپکراوی سەر کاغەز . باوەڕ ناکەم کەس بۆ خاتری ووشەی چاپکراو شت بخوێنێتەوە .**

**٣ ـ ئاوازی ووشەکان . جا ووشەکان چ بە دەنگ بگوترێن و چ لە مێشکدا بزرنگێنەوە .**

**بێگومان هەر ووشەیەك جۆرە ئاوازێکی هەیە . هەندێ ووشەو رستەو دەستەواژە هەن ئاوازیان لەوانەیتر خۆشترە .**

بۆیە تنیسۆن لەو بڕوایەدا بوو جوانترین دێرە شیعری نووسیبێ ئەوەیە دەڵێ .

The mellow ouzel fluting in the elm

واتە : ( شالووری دەنگ تیژ وەك نەی بەسەر چنارەوە دەچریکێنێ . ) رەنگە راست بکا . دەنگەکان جوانییەکیان تێدایەو لە دەنگی ئەو مەلە دەکەن کە وەسفی دەکا . بەڵام ئاخۆ ئەم دێرە وەك دێرێکی دیکەی نایابو ناوازەی تنیسۆن تا سەر هەر بە

زینـــدوویی دەمێنێتـــەوە ؟ نـــەء . وایـــە ئـــەم دێرە سیحری تێدایە بەڵام تەنیا رووکەش و روالەت دەگرێتەوە . هەموو دێر هۆنراوەکانی تری ئەم پارچەیە وەك ئەم دێرە جوانن بەڵام سیحر جوانییەکە هەمیشـــە ناکەوێتە بەرچـــاو . جـــاری وا هەیە بە بێزەوەری دەردەکەوێ چونکە وەکو کچێ وایە جوانییـــەکەی لە پۆشاك و بۆیەو دیمەنی دەرەوەدا بێ ، جوانییـــەکەی دەستکردە زۆر ناخایەنێ . هـــەر بۆیەشـــە زوو روو لـــە جوانکارییـــەکانی تنیسۆن وەردەگێرین و چێژی لێ وەرناگرین .

ئەوەی بێ لێ بنێ تەنیا بۆ شێوە بەرهەمی ئەدەبی دەخوێنێتەوە یان قیچکە تەنگەو سنگی زوو وێك دێتەوە یان مەبەستی میزاجی گشتی نووسەرە نەك تەنیا شێوەی نووسینی ، جـــا دەیەوێ بەم قسەیە خۆی تەفرە بدا . ئەمە وەکو ئەوە وایە یەکێکی لەبەر ئەوە خۆش بوێ چونکە بریقـــەیەکی گەشی تێـــدایە بەڵام نازانێ ئەم بریقەیە چییە ؟ و لـــە چیدایە ؟ راستی ، ئەدەب لە گیانی کابرا دایە ، لـــە خوێن و گۆشت و ئێسکی دایە ، لـــە هەموو شانەو دەمارێکی دایـــە .

بـــە چ دەستوورو تەرازوویەك ( پیـــاو ) هەڵدەســـەنگێنی دەبێ هەمان پارسەنگ و تەرازوو بۆ شێوەی نووسینی بخەینە کـــار . ئەگەر وا بکەی چـــاکەو خراپەت لێ تێکەڵ نابێ . بێگومان دۆستایەتی بێ ریز دەوام ناکـــا (شێوە)ش وایـــە . ئەگەر زانیت

شێوەی نووسەرێ ریزی خۆیت بەسەردا دەسەپێنێ مسۆگەر بابەتەکەی کەمو کورپەکی تێدایەو تەواو نەگەییوە چش با تامێکی دەمەکیشت بداتێ .

پێویستە هەستت بەرانبەر هەموو نووسەرێ تاقی بکەیتەوە . ئەگەر بەرهەمێکی ئەدەبیت خوێندەوەو لێیوورد بوویتەوە ، لە ووشە شیرینەکان زیاتر هیچی لێتێنەگەیشتیو هەستیشت بە خۆشیکرد . بیر لەوە بکەوە ئەگەر مانگێ لەگەل برادەرێکدا بچیتە سەفەرو لە قسەی شیرین زیاتر هیچی لێنەبیسی ئاخۆ هەستت چیو چۆن دەبێ ؟ ئەگەر شێوەی نووسەرێ رایچەنانیدیو سەرەرای ئەوەش هەستت کرد دەتخاتە قاقای پێکەنین ، ئەو پەستیو وەڕسییە بێنە بەرچاو کە پیاوی هەرزەگۆ تووشت دەکا . بە جۆرێکیتر ، ئەگەر بەرێکەوت رات لەبەرهەمی نووسەرێ بوو ، دەشتزانی بەرهەمەکەی کزو لاوازە لە شێوە نزمەکەی پەست مەبە ، بەقەد ئەوە لێیپەست بە کە برادەرێکی زیرەکو دلپاکو رەوشت بەرزت هەبێ فنجانە قاوەیەکی بە دەستەوە بێو دەستی بلەرزێو مەترسی لێبکەی نەکو مافووری ژوورەکەت عەدم بکا . شتێکی تریش هەیە ، ئەگەر لەسەرەتاوە شێوەی نووسەرێك سەرسامی کردی ، یان بێجگە لە درەوشانەوەی خۆی هەموو شتێکی لەبەرچاو کز کردی یەکسەر مەچوو بابەتەکە پەسند بکەی . لە پێشدا لە خۆت بپرسە کە

یەکەمجار لەگەڵ کابرایەك یەکترتان ناسی ، کابرا قسەی زلی بۆ کردی‌و بە شان‌و باهۆی خۆی هەڵدا ئاخۆ تۆ چۆن لەم جۆرە زەلامە دەگەی‌و هەستت بەرانبەر بەم هەڵوێستە سەیرە چی دەبێ ؟

ئەمە لە گوێ بگرە : تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن ریزی خۆیانت بەسەردا بسەپێنن کە وورده وورده پەیوەندیت لەگەڵ دەبەستن‌و لێت نزیك دەبنەوە نەك ئەوانەی بە هەرزەگۆیی‌و چەنەبازی دەیانەوێ لە یەکەم رۆژەوە خۆیان وەك فسۆس پاڵەوان پیشان بدەن .

بە کورتی : چۆن سەیری ژیان دەکەی دەبێ بەو چاوەش سەیری ئەدەب بکەی . ئەو حەلە بۆت دەردەکەوێ نووسەر خۆی‌و شێوەی نووسینی یەك شتن‌و لێك ناترازێن . بۆت ساغ دەبێتەوە (شێوە)و ( بابەت ) یەك شتن . نە شێوەی بەرز بێبابەتی بەرز دەبێ نە بابەتی بەرزیش بێشێوەی بەرز دەبێ .

ئەگەر بەرهەمێکی ئەدەبیت هاتە پێش‌و نەتتوانی بریار بدەی ئاخۆ شێوەکەی چاکە یان چاك نیە . هیچ بیر لە شێوەی مەکەوە ، هەوڵ بدە لە مێشکی خۆتی دەرباوێژی چونکە بە راستی ـ بە گوێرەی زۆربەی ئەوانەی سۆزی خۆیان لەبەر کاریگەری ئەدەب شی‌کردۆتەوە ـ هیچ شتێکی جیاواز نیە

پێی بگوترێ شێوەی ئـەدەبی و کـەس ناتوانێ گەوهەری ئەدەبی شەق بکات و بڵێ : « ئەمەیە شێوەو ئەمەیشە بابەت » . جگە لەمە نرخی ئـەدەبیش دەبێ وەکو شتەکانی تر بخـەملێندرێ ئـەویش بـەهۆی بـەکارهێنانی هـەست و تێگەیشتنی گشتییەوە . بـە پێی هەست و تێگـەیشتنی گشتی هیچ کـەس نیـە ـ ئەگـەر بلیمەتیش بێ ـ لـە هەمان کاتدا چـاکیش بێ و خراپیش بێ ، جـوانیش بـێ و پیسیش بێ ، ووردیش بـێ و درشتیش بێ ، نەرمیش بێ و رەقیش بێ ، بۆیە بە پێی وەکار خستنی ئەم پارسەنگە گشتییە بۆت سـاغ دەبێتەوە کە لێك جودا کردنەوەی شێوەو بابەتی ئەدەبی نەبوەو نابێ . ئەگەر ناکۆکیەکی رووکەش هەبێ دیارە ئەم دوو سیفەتەی کە دژن یەکێ لەوەی تر نزمترە ، ئەگەر لەم حاڵەتەدا بۆ دەستووری گشتی ژیان بچینەوە ، تێگەیشتنی گشتی یەکسـەر بڕیارمان بۆ دەدا کـام سیفەت لـە کامیان باشترەو ناکەوینـە زەلکاوی هـەڵەوە کە لە پێناوی شتی پوختەو جواندا چاو لە شتی پیس و پلۆخ بپۆشین ، بۆ خـاتری رەوشتی چاك خۆمان لە رەوشتی نزم لا بدەین .

**برا ! هـەر کاتێ گومانت لێ پەیدا بوو شێوەی نووسین لـە مێشکت دەربکەو چۆن بیر لە ئادەمیزادێك دەکەیتەوە هـەر بەم چاوەش بیر لە شێوەی نووسین بکەوە .**

# بەشی حەفتەم

# رێکابەری لەگەڵ نووسەردا

دوای ئەوەی کە بە پێی پێویست لە مەسەلەی ئاڵۆزی شێوە دواین با بچینەوە لای (لام) کە ووتاری (خەونی‌منداڵان) ی هۆی سەرەکی باسەکەمان بوو . مادام باسەکەمان بە ( لام ) دەست پێکرد وا چاکە هەر بە (لام)یش کۆتایی پێ‌بێنین .

لە سەرەتای پێکەوە نانی رۆشنبیری ئەدەبی پێویستترین شت بۆ داگیرساندنی بایەخدان‌و شەیدابوونی ئەدەب ئەوەیە ماوەیەك لەگەڵ نووسەرێکدا بژی ، بەتایبەتی نووسەرێکی مرۆڤایەتی وەکو ( لام ) . کە ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوە نیە خۆت لەناو بەرهەمەکانی (لام)دا بخنکێنی‌و تا سێ مانگ هیچ شتی‌تر نەخوێنیتەوە ، مەبەستم ئەوەیە دەبێ ماوەیەك بە رێکی کاتی بێ‌ئیشیت بۆ لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانی ( لام ) تەرخان بکەی تا تەواو شارەزای کەلەن‌و قوژبنی بەرهەمەکانی دەبی .

هیچ هۆیەکی ماقولیش نیە رێگەت نەدا ببی بە شارەزایەکی بێنازی نووسەرێکی وەکو ( لام ) . ( لام ) نووسەرێکە بۆ تۆ باشە . بەرهەمی ئەوەندە زۆر نیە پێت نەخوێندرێتەوە ، ئەوەندە رەقیش نیە تێی‌نەگەی . هەموو بەرهەمەکانی یان خۆشییەکی فێنکیان

تیدایە یان هەستبزوێنن . چونکە ( لام ) زۆر بە سۆزێکی
ووڵەوە خۆی دەقەبەر ئەدەب کردووە . ئەگەر ئەدەبت بە گشتی
خۆش ئەوێ ناتوانی (لام)ت خۆش بوێ ، ئەگەر بە گشتی
شارەزای ئەدەب نەبی ناتوانی ( لام ) بخوێنیتەوە ، چونکە ( لام )
زۆر مەراقی کتێب بوو . رەخنەگرێکی ئازاو زیرەك بوو .
نامەکانی زۆر ناسكو پاراون . بێگومانم تۆ سەر بەخۆ دەچی
نامەکانی دەخوێنیتەوە بەڵام نەکەی تا عومرت ماوە هەر خەریکی
ئەم نامانە بیت ـ ئەگەر چی نامەی لەمانە چاکترت دەست
ناکەوێ ـ هەر ئەوەندەیە وەك چرا بیانگرە دەست تا رێگەی
دۆزینەوەو تێگەیشتنی بەرهەمی ترت بۆ روناك بکەنەوە .

ئەم قۆناغە خوێندنەوەیەکی ووردی دەوێ ، دەبێ ئەرکێکی
سەختی لەگەڵدا بکێشیو لە خوێندنەوەی رۆژنامەو شتي سووکي
رۆژانە زیاتر مێشکی خۆتی لەگەڵ خەریك بکەی ، چونکە
بەراستی ئیشی دەوێ ، ئەرکو ئارەق رشتنی دەوێ .

لەوانەیە کە یەکەم جار هاتیتە لامو گوێت دایە
قسەکانم تێتڕانەدیبم رۆژێ دێ داوای ئیشو خۆماندووکردنت
لێبکەم بەڵام با لێك ئاشکرا بین . بڕوام پێبکە هیچ کەسێ ( چەشەی
ئەدەبی ) تەواو نابێتەوە تا ئەستۆ نەخاتە ژێر بارێکی سەخت .
ئەوەشت پێبڵێم بەلکو تۆزێ کەیفت بە خۆت بێ ، بێجگە لەو
سوودە راستەوخۆیانەی لە خوێندنەوەی ئەدەب وەریان دەگری

وەك : شــارەزابوونی بەرهەمی بەرزی ئــەدەبی ، فراوانبوونی ئاسۆی تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەدەبی ، دۆزینــەوەی ڕێگــای چوونە دونیــای کتێب و کاغــەز . . . سوودێکی مەعنــەویشی لێوەردەگری ، ئەمەشیان زۆر بــەرزو گرنگەو هێزێکی گیانیت پێدەدا ، بریتیە لەوە کە متمانەیەکی پتــەو بــە خۆت بکــەی و بگەیتە ئەو قەناعەتە کە بە ڕاستی ( شتێ دەزانیت ) . هەر کاتێ بەم قوناغە گەیشتیت ، مانای وایە هەنگاوێکی باشت بۆ پێشەوە ناوەو بەم ڕادەیە گەیشتووی وەکو پسپۆڕو لێزانێك حوکم بەسەر هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا بدەی کە لەمەوپاش لەبارەی ( لام ) یان هەر نووسەرێکی‌تر دەیخوێنیتەوە .

لێرەدا هەقتــە شــانازیەکی خاکی بــە خۆتەوە بکەی ، ئەم هەستی شــانازیە بێنازە هانت دەدا هەمیشــە بە گەرمی باوەش بۆ ئەدەب بکەیتەوەو بە پەرۆشەوە بەرهەمی چاك بقۆزیتەوەو لێی بکۆڵیتــەوە . بــە کورتی : هێزێکی وەکو هێزی هــەڵمت تێــدا پەیدا دەبێ ، هــەموو لەش و گیانت ڕادەژەنێ و زۆر کــاری گەورەت پێدەکا . بەلای منەوە ئەم سیفەتە مەعنەوی و لابەلایە ، لەم کاتەدا ، بەقەد هەموو سیفەتە ڕاستەوخۆکانی‌تری ئەدەب کارت تێدەکا .

ئێستا ناتوانم چــاو لەو ئانجامە بپۆشم کە لە خوێندنەوەی ( لام ) پێی‌دەگەی ، ڕەنگە خۆشت لێ نەیێ ، زۆر لە گوینە ــ با بۆ

ئەمێکیش بێ – لێی دڵنیا نەبێت چونکە تۆ وات دانا بوو موچڕکێکی لەمە گەورەترت پێبدا . پێشتریش – لە بەشێکی‌تر – باسی ئەم دڵنیاییەم کرد . گوتم کاتێ پیاو لەگەڵ بەرهەمی کلاسیدا دەژی هەست دەکا دڵی تەواو پێ داناکەوێ ، بە تایبەتی ئەوانەی تازە گڕوگاڵیانەو بە دەم بەرهەمی کلاسییەوە دارەداریانە . بە دووری نابینم ئەو جۆرە کەسە بەرهەمی کلاسییان بە نزمی بۆ دەربکەوێ – ئەگەرچی حەزیش ناکەم لە شوێنێکی وەکو ئێرە ئەم قسە رەقەیە بکەم – .

رەنگە (لام) بەو ئەندازەیە راتنەکێشێ کە تۆ تێت‌رادەدی‌و بە تەمابووی دوای ئەم هەموو هیلاکی‌و خوێندنەوە ووردە لێی‌وەربگری . بە کورتی : ئێستا تۆ واتێدەگەی ( لام ) نەیتوانیوە پێت‌بسەلمێنێ کە کابرا شایەنی ناوبانگە قەبەکەی خۆیەتی .

بێشك شتی کلاسی بۆیە کلاسییە چونکە تا رادەیەکی زۆر نەوە بە نەوە خۆشی بەسەر ئەم خەڵکەدا دەبارێنێ کە ئەشقی ئەدەب لەسەری داون . ( لام ) کە نووسەرێکی کلاسی پەسندەو سەرەرای ئەمەش پەستت دەکا هیچ گومانی تێدا نیە کە ناتەواویەك لە گۆڕێدا هەیەو دەبێ چارەی بکرێ . بەرەو رووبوونی ئەم ناتەواویە دەمباتەوە ناو جەرگەی باسەکەمان کە ئەرکی راستەقینەی پێك هێنانی (چەشەی ئەدەبی)یە .

ئەگەر تۆ چەشەیەکی کلاسیت هەبوا سیحرێکی بەردەوامت لە ( لام ) وەردەگرتو بە راستی لە گیانو بەرهەمەکانی دەگەیشتیو دەتزانی بەرهەمەکانی پووچ نین ، کاکڵی بەنرخیان تێدایە بەڵام تۆ نەتدیونو هەڵتنەسەنگاندوون .

برا ، ئەگەر دەتەوێ (چەشــەی ئــەدەبی)ت بکرێتەوە دەبێ ئەوەندە خوو بدەیتــە ئەدەب تــا شــەیدای دەبی بەڵام دیــارە هێشتا ســاوایتو هەست بــە گڕی سۆزی نووسەران ناکەی ، یا تەنیا نیو دڵت هەیەو کەنداوێکی گەورەت کەوتۆتە سەر رێگاو دەبێ لێیبپەڕیتەوە . جا چۆن لێی دەپەڕیتەوە ؟

پەڕینــەوەی ئــەم کــەنداوە وەختی دەوێ ، ئــەرکو ماندووبوونی دەوێ ، بەڵام ئەگەر پێڕەوی ئــەم دوو ئامۆژگارییە بکــەی رەنگە کارەکەت نەختێ مەیســەر ببێو ئیشــەکەت بــە چاکی بڕوا :

یەکەم : لە بیر نەکەی کە لە گەڵ هەر نووسەرێکدا ــ بەتایبەتی نووسەرێکی وەك لام ــ یەکدیگر دەبی مانای وایە لەگەڵ پیاوێکی لە خۆت ئاقڵو تێگەیشتووتر دانیشتووی ، ئەو حەلە چ دەبێ ؟ ناتوانین بڕیار بدەین چ دەبێ ! تا ئەوە نەهێنینە بەرچاو کە لەگەڵ پیاوی لەخۆمان نزمترو ــ حاشــە عــازری ــ گەمژەتر هەستی پێدەکــەین . ئــەم جۆرە گەلۆرە ســەرەسمك لــە هەندێ شت هــەڵدەدەن کــە زۆر بــەنرخو بێهــاوتان . کــە دەگرژنــەوە

،دەستەخۆمان نیە پێکەنینمان پێ دێن . هەوەستیان بە هەندێ شت دێ کە زۆر پڕوپووچو بێ کەلکن . دەڵێی چاویان نووساوە ئەو جوانییانە نابینن کە ئێمە هەست دەکەن . دڵیان دەکەوێتە سەر شتی وا ئێمە بە لامانەوە زۆر قۆڕو بێ مەعنایە . بێجگە لەمەش کابرای گەلۆر بۆچوونو تێگەیشتنی رووکەشو سادەیە ، خۆیشی ووشكو برینگە . ئێمە کە لەگەڵ پیاوێکی وا دادەنیشین هەوڵ دەدەین هوشیاری بکەینەوە تا ناتەواویەکانی خۆی بەدی بکا . کابراش ئەگەر کەم‌وکورتی خۆی بینیو تەریق بوەوە هیوای چاك بوونەوەی لێ دەکرێ ، رۆژ بە رۆژ بەرەو چاکی دەڕوا تا دەچێتە ئاستی خەڵکە ئاساییەکە . بەڵام ئەگەر تەپلە هرسێکی وا بوو دەرکی بە کەم‌وکورتی خۆی نەکرد ، ئەوا وازی لێ دێنین با هەر بە گێلی بژیو بخواو بنوێ ، چونکە وا رەش داگەڕاوە چی لەگەڵ ناکرێ .

بێگومان ئێمە هەموو شتی وامان دیوە چونکە پێخواسو شەقاودرشت زۆرنو پیاو لە ژیاندا تووشیان دێ ، بۆیە وا چاکە هەر کاتێ تووشی نووسەرێکی گەورەی کلاسی بوین خۆمان بەو کابرا ناتەواوە بێتە بەرچاو کە لە کەم‌وکورتی خۆی دەگاتو بە پەرۆشە ریشەکێشی بکا . نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ پیاوی تام‌گێل ئەگەر هەست بە ناتەواوی خۆی نەکا ئومێدی چاك بوونەوەی لێ ناکرێ . بۆیە کە ( لام ) مان خوێندەوە دەبێ

هەستمان بەرانبەری بەم چەشنە بێ :

« ـ لام ـ پیاوێکی لـە من گەورەترو شارەزاترو زیرەکترو ناسکترو بەفەندترو چـاوتیژ بوو . جوانی بێهـاوتای بـەدی دەکـرد ، بۆیـە دەبێ جلـەوی خۆمی لـە دەست بنێـمو بکەومە دوای . . . » .

لەم کاتەدا پێویستە باری گشتیمان وەکو ئەو کەسە وابێ کە هەموو لەشی دەکا بە گوێو بە هەموو گیانیەوە گوێ لە دەنگێکی دوور دوور رادەگرێ . ئەگەر بمانەوێ لەو دەنگە دوورە بگەین دەبێ بە راستی گوێ رابگرین ، مانای وایە دەبێ زۆر بە راستیو بـە ووردی شت بخوێنینەوە ، هـەر دەم هوشیار بینو هەموو هەستمان لە کاردا بێ . دەبێ لە خوێندنەوە پشوومان درێژ بێ ، پێویستە لـە بەرهەمی کـلاسی بگـەینو نابێ لـە یارمـەتی بسلەمێینەوە ، چونکـە هەندێ جار پێویستمان بـە ئامۆژگاریو رێنمایی دەبێ بەلام من بـەش بەحـالی خۆم حـەز ناکەم پێش خوێندنەوەی دەقی کلاسی رەخنـەی دەربارە بخوێنمەوە . وام پێباشـە بەرهەم و سـەربردەی نووسـەری کلاسی پێکـەوە بخوێنینەوەو هەڵیانسـەنگێنین ئنجـا رەخنـەی دەرهـەق بخوێنینەوە . وا پێشنیار دەکەم لە کاتی چاپکردنەوەی بەرهەمە کـلاسیەکان (پێشـەکیو رەخنـەو لێکۆڵینـەوە)ی پێشـەوە هەڵبگیرێنو بخرێنە کۆتایی کتێبەوە تا ماوەی ئەوە ببێ

بەرهەمە کلاسیەکە کـار لـە مێشكو دڵو دەروونمان بکا ئنجا کاریگەرو رای تایبەتی خۆمان لەگەڵ بیروباوەڕی رەخنەگرەکە بەراورد بکەین . با ئەو راستیەش پشت گوێ نەخەین کە رەخنەی روونکردنـەوە ـ تفسـیری ـ زۆر بـەسوودەو دەشێ تروسکەیەکی وا باوێ کـە سـەراپای باسـەکە روون بکاتەوە .

دووەم : ئەو خۆشیو هەژانە شیرینەیە کـە لـە بەرهەمی کلاسیدا دەیچێژین . ئـەم خۆشییە توندو تیژ نیـە چونکە لـە ژیرەکیو کارزانیەوە هاتوەو وردە وردە لە پەرەسەندندایەو هەرگیز ناگاتە رادەی توندو تیژی . کەچی ئـەو جۆرە خۆشیە قابلەمانەی لـە مێشکی تاریكو بێتروسکەدا سـەر هەڵدەدەن بـە گشتی توندو تیژنو کەلکی هیچیان نیـە چونکە لە ئەنجامی هووشەکاری باسـەکەو تێکچوونی پارسـەنگو دالەنگان پەیدا بـووین . ئـەم جەشنە خۆشییەش نەختێ قووڕسـەو بیـاو لێی دەسلەمێتەوە وەکو ئـەو خۆشییە وایە کە لە خواردنی شتی جەور هەستی پێدەکەین . تاکە شتێ کە لە هەموو بەرهەمێکی کلاسیدا هەیە؟ (بێ هەوشـەکارنە؟ جونکە ئەو پارسەنگەی لـە مێشکی گەورەو مەزندایە هەوشەکاری بە شێوانو گەنی بوون دەزانێ . جوانی بەرهەمی کلاسی لەوەدا نیە وورو گێژت بکا ، لەوەدایە وردە وردە برژێتە گیانو لەشتەوە . لەو بروایە دام شاگردی خوێن گەرم هەر لـە سـەرەتاوە وورەیان دەڕووخێ

چونکە لە دلی خۆیاندا بە تەمای خۆشییەکی نادروستن . پێویستە ئەم جۆرە کەسە ئاگادار بن کە نقووم بوون لە بۆنو بەرامەی بەرهەمی بەهێز وا لە هەستی پیاو دەکا دەرك بەبۆنەکە نەکا. ئەم کەسانە ناتوانن توندیو ناسکی پێکەوە بەدی بکەن . چاریان ناچارە لایەك بەربدەنو دەست بەلاکەی ترەوە بگرن . نابێ ئەوەشیان لە بیر بچێ کە توندی ، ( چەشەی ئەدەبی ) دەخنکێنێو نەرمی گەشەی پێدەدا .

# بەشی هەشتەم

## خوێندنەوەی رێک وپێک

بێگومان تۆ ئێستا کەوتوویتە ناو دەریای ئەدەب و جلەوی کەشتیت بەرداوە . وا بزانم سەرنجم بۆ ئەو مەترسی و گرفتانە راکێشای کە جاری وا تووشی پیاوی بێباک و کەمتەرخەم دەبن .

ئەو ئەرکەی تۆ گرتۆتە ئەستۆ ، نە هێندە ئاسانە و نە هێندە کورتیشە کە مشووری بۆ نەخۆی ، ئەوەشم چرپاندە گوێت کە هەندێ جار وات لێدێ حەز دەکەی هەموو نووسەرێکی دونیا بخەیتە پاڵ یەکەم وەستای چاپ و بەرەو مردنیان ببەی .

ئەگەر تۆ ببی بە برادەری راستەقینەی ( لام ) ، ئەگەر بە چاکی بگرە بە نیوەچلیش ( لام ) بناسی و وێنەی لە مێشکی خۆتدا بکێشی و لەگەڵ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی وێنەکەیت بێتە بەرچاو و گوێت لە چرپەی دەنگی بێ ، ئەو حەلە دەتوانی هەنگاوی زیاتر باوێی . هەر ئەوەندەت گەرەکە بزانی چۆن روو دکەیتە ( لام ) . ئێستا وام دێتە بەرگوێ کە بە ترس و بێزاریەوە بە گوێی دلی خۆتدا دەچرپێنی :

« خوایە ، ئەتۆ بکەی ئەم کابرایە رێگای خوێندنەوەی

ئـەدەبی ئینگلیزیم نەخاتـە بـەر ، چونکـە ئـەم بـارە بە من هەڵناگیرێ . » . نـا ، وا لە خۆت مەکە ، تۆ وا نیت . تەنیا ئەگـەر ئامـانجت ئـەوە بێ ببی بـە موحـازری ئـەدەبی ئینگلیزی لـە زانکۆدا ئـەو کاتە ناچارم ئەم ئەرکە سـەختەت بخـەمە ئەستۆ ، بەڵام خۆ تۆ بـە تەمای شتی وا نیت ، تەنیـا ئامانجت ـ کە دەمەوێ بۆکی بێنمە دی ـ ئەوەیە بە پێی توانا بە هێزترین خۆشی لە هونەر وەربگری ، جا دڵنیابە داوای کاری وا ووردو سـەختت لێناکەم . دەتوانم لـە هـەموو هـەنگاوێکی خوێندنەوەی ووردو سەخت دوورت بخەمەوە ، چونکە کەس نیە ، هیچ تازەهەڵتوویەك نیە ، بتوانێ بەبێ چواندنی وەختێکی زۆر شوێن قۆناغێکی ئـەدەبی هـەڵبگرێ بۆ ئاگادار بوونی شتێ کـە خۆشیو شادی بە دەمەوە نەبێ . بۆ هەڵبژاردنی خوێندنەوەش دەبێ خوێنەر ئارەزووی خۆی رەچاو بکا چونکە گەلێ جار ئارەزوو دەبێتـە پتـەوترین بنـاغەی راستەقینـە بۆ ئاراستەکردنی کەسێتی پیاو . تۆ چاپوك بـە ، بروبیانۆ مەدۆزەوە ، ئەوەشت لـەبیر بێ تۆ بۆ ئـەوە نەخولقاوی ببی یە ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی ، بەڵکو ئەدەب بۆ خزمەتی تۆ پەیدا بووە . ناو جەرگەی ئەدەبیش بـە گوێرەی تۆوە خۆتیت . لە هـەر کوێ بیت خۆت ناوجەرگەی ئەدەبیت . هێشتا بەرژەوەندیت لەوە دایە سەبارەت بـەو هـۆیانەی گوتمان کـە بـۆ ماوەیـەکی زۆر خـۆت

بۆ ئەم نووسەرە کلاسیە ناودارە تەرخان بکەی . پێویست ناکا شوێن قوناغێکی تایبەتی بکەوی بەڵام دەبێ لە خوێندنەوەدا ڕێك و پێك بی و دەستووری پرۆگرامێکت هەبێ . خۆشت بە زرنگی خۆت دەزانی ئەگەر پیاو جڵەوی ئارەزووی تەواو بەربدا ئەنجامەکەی خراپ دەبێ ، حەز دەکەم پێڕەوی پرۆگرامێك بکەی کە بریتیە لەم ئامۆژگارییە :

**خۆت شل کە با هەر شتەو بەرەو شتیتر رات بکێشی و پێدا برۆ . چونکە لە دەریای ئەدەبدا هەموو پارچەکان پێکەوە لکاون و ئەم دەریایە هیچ گۆلی داخراوی تێدا نیە .**

وەختی خۆی کە گوتم ( لام ) بخوێنەوە ئەم پرۆگرامەم لەبەر چاو بوو ، چونکە کە بووی بە ناسیاوی ( لام ) ، ( لام ) بە زۆر نووسەری گەورەت دەناسێنێ ، ئەو کاتە دەبی بە دۆستی نزیکی ئەوانیش و گەلێ سوودت پێدەگەیەنن . ئەم نووسەرانەش وەکو : وێردز وێرت ، کۆلرج ، سوثی ، هازلت ، لیهانت . تا ئەم پیاوانە نەناسی ناتوانی بە باشی لە ( لام ) بگەی . ئەمانە هەندێکیان پایەی گەورەیان لە ئەدەبی ئینگلیزیدا هەبووە . لەسەر چیوەی بازنەی بەرهەمەکانی (لام)ەوە دەتوانی بە ئارەزووی خۆت لە هەر پنتێکەوە دەربچی و بکەویتە ناو دەریای پان و بەرینی ئەدەب . بۆنموونە ئەگەر ئارەزووت لە شیعر بێ ، لەوە باشتر نابێ کە لە وێردز وێرت دەست پێبکەی . وێردزوێرت

دەتباتەوە دواوەو لەوێ شارەزای ئەو شاعیرانە دەبی کە رکابەریان لەگەڵ کردووەو دژی وەستاون . . . کە لە ( هۆنراوەی لیریکی ) ی وێردز وێرت‌و کۆلرج گەیشتی‌و داکۆکیەکەی وێردز وێرت ت بۆ دەرکەوت ئەو حەلە بەو پایە دەگەی کە بە شێوەیەکی گشتی بتوانی حوکم بەسەر شیعردا بدەی . لە لایەکی تریشەوە ئەگەر بیرت بۆ ئەدەبی زووترو بۆ ئەدەبی رۆمانتیکی چوو ئەوا کتێبی ( نموونەی شاعیرە درامییەکانی هاوچەرخی شەکسپیر ) کە ( لام ) ی هاورێت نووسیویە دەستت دەگرێ‌و دەتباتە کەنداوێکی گەورەی دەریای شەکسپیر .

لە خوێندنەوەی هازلت‌و لیهانت شتێکی تریشت بۆ دەردەکەوێ . ئەمانە هەردووکیان ووتارنووسن ، ئەگەرچی لەم بارەیەوە ناگەنە ( لام ) ، بەلام رەنگە لە رەخنەدا لەو کەمتر نەبن . هیچ رەخنەگرێ شانی لە شانی هازلت نەداوە . قسەکانی رێک‌و پێکن و تانەو تەشەر هەڵناگرن . دلسۆزییەکەی وایە دەکەوێتە بەر دڵ .

کە گەیشتیتە هازلت‌و لیهانت‌و کەوتیتە ناو بەرهەمەکانی دیسانەکە دەتوانی لە هەر پنتێکی سەر چیوەی بازنەی بەرهەمەکانی کە هەزاران هەزار پنتکی تێدایە بەرەو بازنەی فراوانتر برۆی . جا بەم جۆرە بە هەوەستی خۆت بە ناو

ڕۆژگاردا هەڵبکشێو دابکشێ تا دەگەیتە لای چۆسەر . ئەگەر نووسینەکەی ( هازلت ) ت دەربارەی ( چۆسەرو سپنسەر ) خوێندەوە بێگومان یەکسەر جلو بەرگت لەبەر دەکەیتو دەچی بەرهەمەکانی ئەم دوو نووسەرە بکڕی . ئەمەیە گڕی ئەدەبو پێتەوە نووساوەو حەجمانی لێبڕیوی ، شێتی کردووی ، ئاگری تێبەرداوی .

پێویست ناکا لەمە زیاتر هیچ شتی تایبەتیت بۆ باس بکەم . ئەگەر لە (لام)ەوە دەست پێبکەیو جلەو شل بکەی هەست دەکەی ئەو شتانەی پەیوەندییان بە (لام)و سەردەمی (لام)ەوە هەیە زۆر چاك لەگەڵ پێویستی تۆدا دەگونجێن ، چونکە لە سەردەمێکدا ژیاوە کە ئەدەبی ئینگلیزی لە ژیانەوەیەکی جیهانی دابوو . وێردز وێرتو کۆلرج سەر لە نوێ شیعریان دروست دەکردەوە ، سکۆت ریوایەتی داذەڕشتەوە ، ( لام ) وێنەی سروشتی مرۆڤایەتی بنیات دەنایەوە ، کانت هازلتو کۆلرجو لیهانتو هیتر رەخنەیان دادەمەزراندەوە . بەم جۆرە کوورەکە جۆشی سەندبوو ، پرووشکی بە هەموو لایەکدا بڵاو دەبۆوە . شتێ ماوە بۆ ئاگاداری پێت بڵێم . رەنگە تۆ لە دڵی خۆتدا بڵێی :

« مادام دەستم بە دامێنی بەرهەمی کلاسییەوە گرتووە ناشێ لابڕ ببمو بەهەڵەدا بچم . . . » .

وا نیە ، لەوانەیە لابڕ بیتو بکەویتە هەڵە ، تۆ کە تەنیا یەك بەرهەمی چاك بخوێنیتەوە هەڵەیەکی غەمگینە دەیکەی چونکە زیاد لە پێویست خۆت بە یەك جۆرەوە خەریك دەکەی . . .

بە گشتی دوو جۆرە بەرهەم هەن ، ئەم دوو جۆرە بریتی نین لە پەخشانو هۆنراوە ، نە لە بارەی شێوەو نە لە بارەی بابەتیشەوە جودا نین . ئەم دوو جۆرەش بریتین لە :

١ – جۆری ئیحائی .

٢ – جۆری ئیخباری .

ئەدەب بێجگە لەم دابەشکردنە هیچ دابەشکردنی تری تێدا نیە .

یەکەم کەس کە ئەم بڕیارەی بە ئاشکرا دەرکرد ( دیکوینسی ) بوو کە دوو زاراوەی تایبەتیو ناوداری بەکارهێنا : ( ئەدەبی هێزدار ) و ( ئەدەبی زانین ) . ئەم دوو جۆرە لە هەموو ئەدەبێکی بەرزدا شان بە شانی یەکتر هەن بەڵام لە هەر بەرهەمێکدا یەکێ بەسەر ئەوەی‌تردا زال دەبێ . ( قوبلای خان ) ی کۆلرج باشترین نموونەیە بۆ ئەدەبی ئیحائی رووت ، بەڵام ناتوانم لێرەدا هیچ نموونە بۆ ئەدەبی ئیخباری رووت بێنمەوە . ئەوەندە هەیە ( بنچینەی سەرەتایی ) ی سپنسەر نەختێ لەم جۆرە نزیك دەبێتەوە ، ئەگەرچی زۆر رەگەزی ئەدەبیشی تێدایە .

( ئیڤانهو – Ivanhoe ) نموونەیەکی باشە بۆ ئەو ئەدەبەی ئیحای بەسەردا زالە . ووتارەکانی هازلت یش دەربارەی

پاڵەوانی شانۆگەرییەکانی شەکسپیر باشترین نموونەن بۆ ئەو ئەدەبەی ئیخباری بەسەردا زاڵە . تۆ توخنی ئەوە مەکەوە کە لە خۆڕا ئەو ئەدەبەی ئیحای بەسەردا زاڵە پەسند تر بکەی یا ئەوەی ئیخبـاری بەسـەردا زاڵـە . زۆر خوێندنەوەی جۆری یەکەم دەبێتە هۆی ماندوو بوونو داوەشانو زۆر خوێندنەوەی جۆری دووەم دەبێتە هۆی ووشك بوون . ئەگەر تەنیـا جۆری یەکەم بخوێنیتەوە رەنگە ببیە سەرگەردانێکی بەسۆز ، ئەگەر تەنیا دووەم بخوێنیتەوە رەنگە هەستت بمرێ . کەوا دەڵێم مەبەستم ئەوە نیە تۆ تەرازوویەك لە نێو ئەم دوو جۆرەدا بگریتە دەستو بیانکێشی ، چونکە چەشەی خۆت باشترین تەرازووە بۆ پێوانی ئـەم کارە . مەبەستم ئەوەیە نابێ هیچ یەکێ لەم دوو جۆرە ئەدەبە بخەیتـە پشت گوێ .

( لام ) وەك نووسەرێکی گەورە کە هەموو کەس تێی دەگاو

زۆربەی شەیدایانی ئەدەب نرخی دەزانن پێویستی بە ئەرکێکی زۆر نیە لە زیرەکیو هێزی سۆزو بەشداریکردنەوە . هەرچیو چۆنێك بێ دوو لاکـەی ئەدەب بـە گوێرەی ( لام ) زەحمەتترو ئاڵۆزترە . لێرەدا لایـەنی ( زانین ) رێگـەمان ناگرێ چونکـە دەتوانین بـە ووردبوونەوەو سووربوونی بەردەوام تێیبگـەین بـەڵام دەبێ بایەخێکی تایبـەتی بـە لایـەنی ( هێز ) بدەین کـە بەرهەمی بەرزی بلیمەتانەی تێدایە کەچی ناتوانین هیچ شتێ لە

بەرهەمێکی وەکو ( قوبلای خـان ) ی کۆلرج یا ( کوموس ) ی میلتۆن بەدی بکـەین . شـانۆگەری ( هاملێت ) یش چیرۆکێکی خوێناوییەو هیچی تر . سەرەڕای ئەمەش ئەو هەموو شتانەی باسمان کـردن ئـەدەبی بـەرزنو توانـای هەست بزوانـدنی خۆشییان هەیەو ئـەو کاتە خۆشییەکە دەبزوێ کـە پیاو کلیلی چوونە ناو ئەم بەرهەمانەی چنگ بکەوێ ، کلیلەکەش بریتییە لە تێگەیشتنی سروشتی شیعر .

# بەشی نۆیەم

## شیعر

ووشەیەك هەیە ناوی (ترس)ەو دلی زۆربەی ئینگلیز زمانان دەترۆقێنێ ، ئازاترین کەس بیبیسێ هەترەشی دەڕژێ ، ژیرترین کەس سنگی لەبەر ویك دێتەوەو جەزرەبەترین کەس ناوێرێ بەرەو رووی بێتەوە . خۆم دیومە زۆر مالی ئاوەدان کردۆتەوە . دەزانم لە فیکەی ترسو ووڕووژانی زەنگەسوورەو تەشەنەبوونی پەتا زیاتر کار دەکاتو پەرتە بە جەماوەر دەکا . وەك لە مێژوودا دەگێڕنەوە تەنیا چرپەی ناوبردنی دەبێتە هۆی کیوێتیو دلتەنگیو هەراسانیو هیلاکی . ئەو ووشەیەش ووشەی (شیعر)ە(١) .

پیاوی ئاسایی کەم خوو دەداتە شیعر ، کە دەلێم پیاوی ئاسایی مەبەستم ئەوانە نیە کە هەستێکی ئاساییان هەیە ، واتە ئەوانەی دەتوانن سواری ئۆتۆمۆبیلی گشتی ببن . بەلکو مەبەستم ئەو خوێندەوارانەیە کە نەختێ بایەخ بە کتێب دەدەن ، هەوەستیان بە خوێندنەوە دێو - بەناو - ئەدەبی کلاسی دەناسنو بە خوێندنەوەش نووسەرە ناودارەکان دەناسن . مسۆگەرمە لە دە کەس یەکێ نیە بە زانینەوە شیعر بخوێنێتەوە ، یەکێ نیە بە قەناعەتو تێگەیشتنەوە بگاتە ئەو رایە کە شیعر

بکرێو بیخوێنێتەوە . روو بکەیتە هەر لایە زۆر کەس هەن بە زۆری پەخشــان دەخوێننەوە ، هەیانە بێ هەستو بیرکردنەوە دەڵێ : « نەخێر هەرگیز شیعرم نەخوێندۆتەوە . » .

ئەگەر بێتو شیعری نوێ ـ کە ناوی بەخۆوەیە ـ سبەی بازاڕی بوستێ هیچ بڵاوکەرەوەیەك قەلۆش نابێ ، کەم وا دەبێ کاریشی تێبکا . لەگەڵ ئەوەشدا شــاعیر نامرن چونکە بڕوا ناکەم ئەمڕۆ هیچ شاعیرێکی نوێ هەبێ بە داهاتی شیعرەکانی بژی . ئەمە بۆ وولاتێ کە بەرزترین شیعری تێدایە شتێکی نەشــازە لەوەش نەشازتر ئەمەیە کە کەم وا دەبێ خوێندەواری ئاســایی هێندە شـەیدای شـاعیرێکی گەورە ببن کە هەزاران دانەی لێبکرنو وەکو ( تنیسۆن ) بیکەنە خاوەن ماڵو سامان . بێجگە لەمەش لە راستیدا خوێندەوار رکی لە شیعر نابێتەوە . ئەو کاتە رکی لێدەبێتەوە کە بکەوێتە شێوەی تایبەتییەوە . ئەگەر لە کاتی خوێندنەوەدا نەزانێ ئەمە شیعرە خۆشییەکی زۆری لێوەردەگرێ .

راستی ، رەنگە شیعر لە پەخشــانیشدا هەبێو لە هۆنراوە ـ نظم ـ یش . شیعر بخەرە ناو پەخشانو پێشکەش خوێنەری بکە . ئەگەر نەزانێ شیعرەو خۆی پێوە سەخڵەت نەکا ئەو دەرفەتەی دەبێ نرخێکی زۆری پێبدا ، بەڵام تۆ وەرە لاپەڕەیەك شیعری لەبەردەم دابنێ . دەبینی لە رکان پەنا دەباتە بەر پۆلیس . هۆیەکەش ئەوەیە کە شیعر ئەگەرچی لە پەخشانو

ـە هۆنراوەش دێ بەڵام بـە زۆری دەکەوێتە ناو هۆنراوەوە . شیعری چاك هەمووی هەر هۆنراوەیەو هۆنراوەی چاك بێ‌شیعری بەرز نابێ . بێجگە لەو کەسـانەی خۆیان خستۆتە چوارچێوەی پرۆگرامی ژیری توندەوە کـە خـەڵك بێزی لێ‌دەبێتەوە هیـچ کـەسێکی دی لـە شـیعر ناگاتو چێژی لێ‌وەرناگرێ . هەر بۆیەشـە خوێندەواری ئاسـایی بـە پێچەوانەی هۆنراوە دەجولێتەوە . تـا ئـەم پێچەوانەیە لەناو نەچێ ( چەشـەی ئەدەبی ) پێك نایە .

لێرەدا ئەرکو پیشەی گرانی من ئەوەیە رێگایەکت پێشـان بدەم تا بەسـەر پێچەوانەکەدا زال بیت . رووی دەمی قسـە دەکەمە زۆر کەس ، قسەم بۆ ئەو کەسانەیە زۆریان پێ‌خۆشـە ریوایـەو ووتارو مێژوو بخوێننەوە بـەڵام تـوانای هـۆنراوە خوێندنەوەیان نیـە . ئـەم بارەش وەکـو هـەموو بارێکی تری دەمارگیری زۆر ناسکەو بەکار هێنانی بیرکردنەوەی ژیرانە دادی نادا ، چونکە مەسـەلەکە لـە دەرەوەی سنووری ژیری دایەو شتێکی غەریزیە :

رەواش نیە پێت بڵێم هۆنراوە لە پەخشان خۆشترە چونکە دەتـوانی بڵێی : « پێت بـاوەڕ دەکـەین ، بـەڵام ئێمە ئـەو تامەی لێ‌وەرناگرین . » بۆیـە پیلەکەت لەگەڵ ناکەم بەڵام دەوێرم باسی دەرمانی چاکت بۆ بکەم ـ دختۆریش هەر

وان ، دەرمانت دەدەنێو مشتو مڕت لەگەڵ ناکەن ـ تکات لێدەکەم دان بە خۆتدا بگرەو هەڵمەچوو چیت پێدەڵێم وا بکە چونکە هەڵچوونو جلەو بەربوون دەبێتە هۆی ترسێکی قووڵو ترسیش هەموو شتێ پێشێل دەکا . فەرموو لەگەڵم وەرەو لە قسەم دەرمەچوو :

یەکەم : بە پێی توانا ئەو شتانە لە بیر خۆت ببەوە کە ئێستا لەبارەی هۆنراوەو پەخشانەوە لە مێشکت دایە . پارچە ئیسفنجێك بێنەو مێشکت خاوێن بسڕەوە . نەکەی خۆت بە بیرکردنەوەی کێشو بەحرو وێنەی ئەدەبیو هۆنراوە خەریك بکەی .

دووەم : ووتارەکەی ولیم هازلت بخوێنەوە کە بە ناوی ( دەربارەی شیعر بە گشتی ) نووسیویەو یەکەم ووتارە لە کتێبی ( موحازەرە دەربارەی شیعری ئینگلیزی ) . خۆ دەکرا خۆم ووتارێك لەبارەی بنچینەی راستەقینەی شیعر بنووسم بەلام کە دیم هەرچی بینووسم هەر لاساکردنەوەو دەنگدانەوەی ووتارەکەی هازلت دەردەچێ ، وازم لێهێنا . هازلت بە شێوەیەکی جوانو ئاشکرا زۆر چاك بنچینەی شیعری رونکردۆتەوە . هەرچۆن بێ باوەڕ ناکەم یەکسەر لە هەموو ماناو مەبەستی ووتارەکە بگەی . لەوانەیە پچڕ پچڕ بکەوێتە بەر چاوت بەلام لەگەڵ ئەمەشدا ووردە بیری گەشو روناکت دەخاتە مێشك .

سێیەم : حەفتەیەك بحەسێوە ، ئنجا دووبارە بادەوە لای ووتارەکەو دیسان بیخوێنەوە ، ئەمجارە ووتارەکەت سەرنجکێشتر دەکەوێتە بەرچاو .

چوارەم : بەرهەمێکی ئەدەبی وا بخوێنەوە کە زۆر کارت تێبکاو خۆشیت بداتێ . ئەم خۆشییەی لەوی وەردەگری بریتییە لە هەمان هەستو خۆشی کە شیعری چاك پێت دەبەخشێ چونکە نووسەرەکەی شاعیری چاك بووەو بەرهەمەکەیشی شیعری چاکە . (٢) .

پێنجەم : کە لە خوێندنەوەی بەرهەمەکە بوویتەوە بگەڕێوە لای هازلتو بزانە داخۆ ئەم موحازەرانە هیچ لایەنی ئەمەت بۆ رون دەکەنەوە کە بەرهەمەکە بێیدابووی .

شەشەم : خوێندنەوەی بۆخەوشی شیعریانە . گورتە هۆنراوەیەکی چیرۆکامێزی وێردزوێرت بخوێنەوە — براکان — . دەمەوێ ئەم هۆنراوەیە بە دەنگی بەرز بخوێنیتەوە . قەیدی نیە خۆت لە کونجێك لاتەریك بکە تا پێشت دەگرێ ئەوە لە مێشکت دەرکە کە — براکان — شیعرە . تۆ هەر بە گورتە چیرۆك بیخوێنەوە و لەسەر چیرۆك خوێندنەوەیشی تۆمار بکە . وا چاکە لەم قوناغە ناسکەدا وەکو جاران خۆت بە شێوەی گێڕانەوەی وێردز وێرت و شتی وا خەریك نەکەی چونکە ئامانجی وێردز وێرت ئەوە بوو بە پێی توانا چیرۆکێکی چاکت بۆ بگێڕێتەوە .

که هۆنراوەکە بە دەنگێکی بەرز دەخوێنیتەوە گوێ بە کێش – وزن – مەدە . خۆت تا چ رادەیەك لەگەڵیدا دەگونجێی ئەوەندە بەسە ، چونکە دوای ئەوەی چەند دێرێکت خوێندەوە کێشەکە خۆی بە دەردەکەوێ . دیسان بۆ دۆزینەوەی کێشی شیعرەکە پەرێشان مەبە . خۆت مەشلەژێنە . کە لە خوێندنەوەی دووەم بوویتەوە بەکاوەخۆ خۆت بخە ژێر تاقی‌کردنەوەو هەستی خۆت تاقی بکەوە .

ئەو هەستەی دوای خوێندنەوەی هۆنراوەکە بۆت پەیدا دەبێ – جا پاش یەك جار یا دوو جار خوێندنەوەی هۆنراوەی چیرۆکامێزی وەك – میکایل – ی وێردز وێرت بێ – ئەو هەستە نیە کە لە خوێندنەوەی گورتە چیرۆکێکی پەخشان بۆت پەیدا دەبێ . رەنگە ئەم هەستە زۆر رون‌و زۆر بە تەوژم نەبێ بەلام هەر چۆن بێ سەرباری نهێنی‌و ئاڵۆزییەکەش کارێکی زۆر لە دڵ‌و دەروونی پیاو دەکا .

من ناڵێم هۆنراوەکە خۆشیت پێ‌دەدا ، ناشڵێم واقت وورِدەمێنێ ( لە بیرتان نەچێ دەمی قسەم لە مێردمنداڵێکی تازە هەڵاتووە کە بەم زووانە دەستی بۆ شیعر درێژ کردبێ . ) بەڵکو دەمەوێ وای دابنێم کە ، – پەرێشانی – یە ، پەرێشانی گیانی گەورەترین ئامانجی هونەرەو لە هەمان کاتیشدا ناسکترین خۆشییە پیاو لە پرۆگرامێکی بەرزدا دەستی بکەوێ

بەڵام بە تاقیکردنەوەی زۆر نەبێ ئەم ڕاستییە بۆ هەموو کەس دەرناکەوێ .

ئەگەر پێویستت بە یارمەتییە بۆ تاقی کردنەوەی ئەو هەستەی وێردز وێرت پێیداوی تا باشتر لە کاریگەرو هۆی ڕاگەیاندنی کاریگەرەکە بگەی ناچارم بتنێرمە لای وێردز وێرت . وێردز وێرت سەرباری شاعیرێتی ڕەخنەگرێکی وای شیعربوو کەم کەس دەرەقەتی دەهات . هازلت دەیەویست سەر لە نوێ شیعر دروست بکاتەوە کەچی وێردز وێرت دەیەویست لێکدانەوەیەکی فەلسەفی بەشیعر بدا . بەرهەمە ڕەخنەییەکانی وێردز وێرت زۆر بە سادەیی نووسراون ، بۆ پیاوی سادەو ئاسایی دەست دەدەن .

حەفتەم : ئەم ڕەخنەو لێکۆلینەوانەی وێردز وێرت کە بوونەتە بناغەیەک بۆ بەرهەمەکانی و چرایەک بۆ ڕونکردنەوەیان سوودێکی زۆریان هەیە . ئەمانەش وەکو ( جاردان ) و ( پێشەکی ) و ( پاشەکی ) ی هۆنراوە لیریکیەکانی و ئەو نامانەی بۆ ( لێدی بیومینت ) نووسیوینی و ( برادەر ) و ( پێشەکی ) هۆنراوەکانی ساڵي ١٨١٥ . ئەم هەموو بابەتانە نرخیان زۆرە چونکە خاوەنەکەیان خیبرەیەکی بێهاوتای هەیەو بە ساناپی باسی بابەتەکان دەکا . جا بە گوێرەی تۆوە ئەو ووتارانەی پەیوەندیان بە چیرۆکە شیعرییەکانەوە هەیە لە هەموویان بەسوودترن . ئەوەی نووسینەکانی وێردز وێرت

لەبارەی شیعرەوە نەخوێنێتەوە زەحمەتە لە سیحری ڕاستەقینەی ڕەسەنو تیشکی لێکدانەوەکانی بگا . وا بزانم پێویست ناکا بە خورتی رەخنەکانی وێردز وێرت ت بەسەردا بسەپێنم چونکە ئەو حەلە کەلکی نابێ .

هەر شتێکی کە بتەوێ لەبارەی بنچینەو ئامانجو ئەنجامی شیعرەوە لە بەینی وێردز وێرتو هازلت تێی دەگەی . بە تەما نیم بە ووردی هەموو شتێ لە بارەی وێردز وێرتو هازلت باس بکەم ، هەر ئەوەندەیە حەوالەی ئەوانت دەکەم ، بەلام شتێ هەیە حەز دەکەم باسی بکەم - کە شیکردنەوەیەکی دەروونیە - ئەویش ئەوەتا یەکێ لەو تەگەرە سەرەکییانەی لە پێکەوە نانی ڕۆشنبیری شیعریدا دێتە پێش پیاوی ساکار برتییە لە بیرێکی پووچ دەربارەی شیعر . ئەم جۆرە کەسانە وایان چوتە مێشك كە دەلێن شیعر شتێکی (پووچ)ەو جێگەی گالتەیە . ئەمانە لەو باوەڕەدان شیعر فیشالی زۆر تێدایە ، خۆڕسك نیە ، دەستکردو قابلەمەیە . بە شێنەیی دەتوانین ئەم دوو تۆمەتەی دوایی ڕەت بکەینەوە : بەلام تۆمەتی یەکەم کە دەلێ شیعر شتێکی پووچەو جێگەی گالتەیە بە پیلەکەو گفتوگۆ پووچ نابێتەوە . پیاو ناتوانێ هیچ وەلامێکی ژیرانە بداتەوە بۆ پێکەنینی پیسو مخەننەت . ئەمجۆرە پێکەنینەش کە مندال نەبێ هەموو کەس گالتەی پێدەکا خۆی لە

خۆیدا شتێکی سووکو ناڕەوایە . ئەمە زۆر بەتایبەتی لەسەر شانۆدا دەکەوێتە بەرچاو . لە ساتێکی غەمگیندا کە پشلەیەک بەسەر شانۆدا تێ دەپەڕێ گەورەترین ڕۆماننووس‌و نووسەرو ئەکتەر ناتوانێ پێکەنین لە دانیشتوان قەدەغە بکا بەڵام با بپرسین : بۆچی پێکەنین دیمەنەکە دەشێوێنێ ؟ هۆیەکە زۆر ئاشکرایە . زۆربەی دانیشتوان وەکو منداڵ وان . دەتوانین بەهۆی مەشقی ڕەوشتی مەعنەوییەوە بەسەر ئەم هەستە ئەحەدا زاڵ ببین . کاتێ کە شاعیرێک لە تۆ باشتر شتێ دەردەبڕێ ، تا بە جۆرێ باسی هەست‌و سۆزی خۆی دەکا کە لە ڕۆژنامەدا باس ناکرێ ، یا ووشەو وێنەی وا بەکار دێنێ کە بە بێی لێکدانەوەی تۆ قاموس نایانگرێ ، ئەگەر پێکەنیت هات دەبێ ئاگاداری خۆت بی‌و خۆت پەروەردە بکەی . پێویستە بڕیار بدەی خۆت بخەیتە کام لا :

لای فریشتان ، یان لای پیاوی گێل‌و وێل . تۆ کە بە شتی پێشکەوتوو پێکەنی پێکەنینەکەت گەورەترین بەڵگەیە بۆ پاشکەوتنی خۆت ، گەورەترین بەڵگەیە کە تۆ لە بواری پێشکەوتن‌و بەرزبوونەوەدا کەم‌وکوڕێت تێدا هەیە .

هەشتەم : لەم هەنگاوەدا بگەڕێوە سەر هۆنراوەکانی وێردز وێرت کە پێشتر خوێندبووتەوە ، ئەمجارە لەبەر ڕۆشنایی ڕەخنەو ڕوونکردنەوەو بەرگرییەکانی خۆیدا بیانخوێنەوە . تا

پێت دەکرێ وێردز وێرت بخوێنـەوە بۆ ئەوەی باش تێی بگـەی بەڵام هەوڵ بدە هیچ هۆنراوەی درێژی نەخوێنیتەوە .

ئێستا ئامۆژگـاریم بۆ ئەوانەیـە کـە دڵیـان بـە شیعری چیرۆکامێز دادەکەوێ . ( بەهەشتی ونبوو ) و ( رێ کردنەوە ) شـیعری چیرۆکـامێزن ، ناڵێـم بیـانخوێنەوە ، دەڵێم ( ئاورۆرا لای ) ی ئیلیزابێت براونگ بخوێنەوە . ئەگەر بە رێکـەوت ئـەم هۆنراوەیەت خوێندەوەو بیرت لـە رووداوەکانی چیرۆکەکە کردەوە ــ وەکو ئەوەی وێردز وێرت ــ و خۆت بەمە هەراسان نەکرد کـە شیعر دەخوێنیتەوە ئـەو حەلە تا هەمووی نەخوێنیتـەوە نـاتوانی وازی لێبێنی و بـەر لـەوەی وازیشی لێبێنی لە رێگـادا تووشی هـەموو جۆرەکانی شیعر دەبیت : غـەمگین ، گاڵتـە ، تیز ، لاواندنەوە ، گـۆرانی ، و هـەموو جۆرێکی تر . بە تەواوی ئاگاداری شاعیرێتی کابرا دەبی .

بێگومان ئەگەر وەکو ریوایە سـەیری ئەو بەرهەمە ئەدەبیە بکەی ئەوا بە درێژایی رێگا لە خۆت ئەمینی و بە ساغ و سەلامەتی دەگەیتـە ئامانج چونکە بەرهەمەکە بەراستی بەرزەو لە هەموو ریوایەکانی چارلۆت برۆنتی و جۆرج ئیلیۆت باشترە . وا چاکە لە کاتی خوێندنەوەدا ئەو دەقانە بـە نیشان بکەی کە خۆشی و سـەرسامیت پێدەبەخشن یـان بیانووسیتەوە ئنجا ئەم دەقە پەسندانە لەگـەڵ ئـەو دەقانەدا بەراورد بکـە کـە رەخنەگرە

باوەڕپێکراوەکان هەڵیان ناون و پەسندیان کردوون .

کە ئەمەت تەواو کردو بەم رادەیە گەیشتی دەتوانی شاعیرێك بۆ خۆت هەڵبژێری و لەگەڵیدا بژی . خۆ ئەگەر بگەڕێیتەوە لای هازلت دەبینی وەك ئەلقەیەك بە زۆر شاعیری ترەوە لکاوە ، وەك : چۆسەرو سپنسەرو شەکسبیرو میلتۆن و درایدن و پۆپ و بیرنزو ڕێبازی گۆمەکان . جا دەتوانی یەکێ لەم شاعیرانە هەڵبژێری و بە ڕێنمایی خۆیەوە بیخوێنیتەوە .

وێردز وێرت دەڵێ :

**« گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە کە چوار شاعیری ئینگلیزی هەن دەبێ هەمیشە وەك نموونە لە پێش خۆمیان دا بنێم ، ئەوانیش بریتین لە : چۆسەرو شەکسبیرو سپنسەرو میلتۆن » .**

لێرەدا دەمەوێ بە ( پیاوێ زانا ) بڵێم وێردز وێرت خۆیشی بۆ ئێمە دەبێتە پێنجەمین . نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە بە چ تەووژم و گەرمیەك شیعری کلاسی دەخوێنینەوە دەبێ هەر بەو گەرم و گوڕییەش شیعری نوێ بخوێنینەوە .

خوێنەری بەڕێز ! « ئومێدە ئەم ڕاستەقینەیەم لێ وەربگری : **ئەگەر لەبەر خوێندنەوەی شیعری کلاسی ڕقت لە شیعری نوێ بوەوە دیارە کەم و کورتییەکی ترسناك لە چۆنیەتی پێشکەوتنتدا هەیە .. »** جا کە بەم قۆناغە گەیشتی ـ نەك پێشتر ـ دەست بە لێکۆڵینەوەی شتی وەکو تەفعیلەو هۆنینەوەو سەروا بکە . ئەگەر

دەتەوێ شـارەزای ئـەم بوارە بیت کتێبێ هەیە لە بارەی کێشی شیعری ئینگلیزی زۆر نایاب و کورت و هەرزانە . رۆبەرت سوان و فرانك سـد جویك بـە نـاوی ( دروست کـردنی شـیعر – Making Verse) نووسیویانە ، بیخوێنەوە سوودی زۆرە .

تۆ کە شتێکی وات لـە بەردەم بێ بـە ماوەی دوو سـەعات شـارەزای دەستووری هۆنینەوەی ئاوازی شـیعری ئینگلیزی دەبی . ئەمەش کارێکی زۆر ئاسانە ، بەلام تێگەیشتنی گیانی قوولی نـاوەوەی شیعر کردەوەیەکی زۆر گەورەیـەو ماوەیەکی زۆری دەوێ .

---

(١) نووسەر لێرەدا دوو ووشـەی جیاوازی بۆ ( شعر ، نظم ) Poetry Verse بەکارهێناوە . ئێمەش بۆ شیعر هـەر شیعرمان بەکار هێناو بۆ (نظم)یش – هۆنراوە – .

(٢) نووسەر بۆ ئەم مەبەستە داوا لە خوێنەر دەکا ئایەتێکی ئنجیل بخوێنێتەوە .

# بەشی دەیەم

# ئامۆژگاری تر..!

تا ئێستا هەر ئامۆژگاریو ڕێنمایی‌و هاندان‌و ووریا کردنەوەیەکی بە پێویستم زانیبێ بۆم نووسیوی بۆ ئەوەی یاریدەی پێك هێنانی « چەشەی ئەدەبی » ت بدەم . ئەمەش کارێکی زۆر ناسك‌و زەحمەتە . لە تیورەکانی ئەدەب‌و باری دەروونی نووسەرو خوێنەریش دوام چونکە ئەوانیش بایی خۆیان گرنگن‌و نابێ بخرێنە پشت‌گوێ . هەوڵیشم داوە نووسەر بۆ خوێنەرو خوێنەر بۆ خۆی رون بکەمەوە . لەمە زیاتر نەڕۆیشتووم چونکە ئەگەر بڕۆم لە مەبەستی بنەڕەتیم دەردەچم و پلانەکەم لێ‌تێك‌دەچێ‌و بەو ئامانجە ناگەم کە خستوومەتە بەرچاو — مەبەستم ئەوە نیە نەخشەیەکت پێشکەش بکەم بەڵکو دەمەوێ قیبلەنومایەکت بدەمە دەست . ئەم دووەش ئاسمان‌و ڕێسمان جودان .

مایەوە ئەوە کە بە شێوەیەکی گشتی سێ ئامۆژگاریت بخەمە بەرچاو بۆ ئەوەی لە کاتی خوێندنەوەدا رەچاویان بکەی‌و بە فراوانی بەکاریان بێنی : —

## ئامۆژگاری یەکەم :

خوێنــەری بــەڕێز ، تۆش وەکو هــەر خوێندەوارو هــەر مرۆڤێکی‌تر خەڕەکێکت لە ژێر پەردەی پەڕەکانی دلدا هــەیە . هــەر کتێبێکت خوێنــدەوەو تێی گــەیشتی دەتوانێ — و پێویستە — لە کۆتاییدا بەو خەڕەکە تاقی بکەیتەوە . کە تەواو خوێندتەوەو پشووت هاتەوە بەرو بیرەکەت لــە مێشکی خۆت بەرو پشت کرد پێویستە ئەم پرسیارە لە خۆت بکەی : ئەرێ ئەم کتێبە ئەمین‌و راستگۆیە ؟ یان نا ؟ ئەگــەر زانیت وایە ، واتە کتێبەکەرەسەن‌و راستگۆیە دڵ لە دڵ مەدە . ئەو هەستەش بە کەم هەڵمەگرە کە یەکسەر پێ لێکدانەوە سەر هەڵدەدا چونکە لــە ئەنجــامدا کتێبەکەت دەکەوێتە بــەر دڵو خۆشت دەوێ ، هەقیشتە خۆشت بوێ . ئەمین‌و راستگۆیی ئەدەب وەکو ئەمین‌و راستگۆیی پیــاو وایە کــە هەموو کەس بــە دوایدا دەگەڕێ . بەڵام ووریای ئەو هەستە سەرەڕۆیە بە کە خێرا دەردەبێ چونکە هەق هەمیشە هەر خۆش نیە . هەق کە جاری یەکەم گزنگ داوێ تیشکەکانی بە شکاوی دەکەونە بەرچاو و خۆشی نابەخشن بۆیە لە سەرەتاوە هەوڵ دەدەین لێی دوورکەوینەوە . ئەگەر کتێبێ بێزی پێ لە راستی کردیتەوە دەبێ لــە خۆتی دوور بخەیتەوە بەڵام هوشیار بــە ( بێز ) و ( قین ) تێکەڵ مەکــە . ئەگــەر کتێبێ بــە راستی قینت بجــوولێنێ زۆر لــە گوینــە

کتێبی چاك بێ چونکه زۆربەی کتێبی چـاك بە بزواندنی ڤینەوە دێتـــه پێش ، ڤینـــەکەش دەکەوێتـــه پێستی بزەوە . تۆ ئەگـەر ئەمەکو پاکیو راستیو راستگۆییت لـە نووسەر بوێ دەبێ پێشتر هەوڵ بدەی خۆت ئەو سیفەتانەت ببێ . ئەمەکداری پیاو لەگەڵ خۆی شتێکی هێندە ئاسان نیە وەك دیارە . پێویستە پیاو هەر یەکە لە هەستو سۆزی خۆی تەن بە تەن تاقی بکاتەوە . کە کتێبێك بە توندی لە زەوی دەکوتی هەست لە خۆت راگرەو گوێ هەڵبخە بزانە دەنگێ لە ناخەوەت نایـە بلێ : « کتێبەکـە راستگۆیە ئەگـەرچی . . . » . ئەگەر هیچ چرپەی وات کەوتە بەرگوێ سەر بۆ کتێبەکە دابنەوێنە ، چی تێدا بوو بڕوای پێبێنە چونکە چ زوو ، چ درەنگ سەرکەوتن هەر بۆ ئەو دەنگەیە . هەروەها کە کتێبێکت گرتە باوەشو گوێت شل کرد ئەگـەر هیچ هەرەشـــەی وات کەوتــە بەرگوێ کــە بلێ :

« وایە کتێبەکە . . . بەڵام راستگۆ نیــە » . دیارە کتێبەکە چاك نیــە چونکە کتێبـــەکە ماستاوت بۆ ســارد دەکاتەوەو تێکی دەداو بە دەمیشت وە دەکا . لە کەلێنێك دگەڕێ لەوێوە بۆت بێ ، بۆیە دەبینی زۆر جار وا دەبێ ئەم جۆرە کتێبە تەفرەت دەدا ، وات لێدەکـا بلێی : بەخـوا کتێبێکی بـــاشو جــوانە . ( بێگومان لێرەدا من ووشەی ــ راستگۆ ــ بە مانای فراوانو گەوهەری خۆی بـەکار دێنمو مەبەستم لە راستگۆ مانای کتو

متی ووشـــەکە نیـــە . مـەبەستم راستگۆیە بـە گوێرەی کتێبەکە . بۆ نموونە ئەو راستگۆییەی لـە ـ ئیڤانهو ـ دا هەیە ناگاتە رادەی ئەو راستگۆییەی کە لە ـ مێژووی دەستووری ـ ی ( ستاب ) دا هەیە . ) .

یەکێ کـە کتێبێکی خوێندەوە ئەگەر بە دلسۆزی پرسیار لە خۆی بکـا . « ئەرێ ئەم کتێبە راستگۆیە ؟ » پاشـــان وەلامێکی بەرێ و جێ بداتەوە کە دلی پێ دابکەوێ ، ئەم پرسیارو وەلامە یارمەتییەکی زۆری دەدا بۆ ئەوەی بەهرەی ئەدەبی بتەقێتەوەو پێبگـا . وا نـــەبێ ئـەم پرسیارو وەلامـە هـەموو شتێ بێو ببڕێتەوە چونکە کتێبی راستگۆ مەرج نیـە هەمیشە هـەر مەزن بێ کەچی ناشێ کتێبی مەزن راستگۆ نەبێ .

**ئامۆژگاری دووەم :**

کـە شتێ دەخوێنیتەوە دەبێ بێجگە لـە خۆشی ئامانجێکی تریشت هـەبێ . وا بزانم خـەلاتی خۆشی گەورەترین ئامانجی بەرهەمی هونەرییە چونکە ئەو خۆشییەی هونەر پەیدای دەکا پیاو چوست دەکاو دەیبزوێنێو ژیانی دەگۆڕێ بەلام خۆشی راستەقینە بـە ئەرکێکی رێكو پێك نـــەبێ نایەتـە دی . دیـارە رێکیش رێکخستنی دەوێ .

بێگومان گەڕانی بە پێیان وەرزشێکی چاکە . رۆیشتن خۆی لـە خۆیەوە شتی چاكو بەسوودە لەگەل ئەوەشـدا پیاوی

زیرو دانا کە دەچێتە گەڕان ئامانجێك لەبەر چاو دادەنێ . لە دڵی خۆیدا دیار دەکا بگاتە کوێ ؟ چەند خێرا بڕوا ؟ تا چەند بە پێوە بوەستێ ؟ بەم جۆرە کابرا کارەکەی ڕێك دەخاو پێشتر تەواو بیری لێدەکاتەوە چونکە دەیەوێ بێجگە لە ڕۆیشتنەکە سوودی تریشی لێوەربگرێ . خوێندەوەش دەق وایە ، ئامانجی خوێندنەوەی ئەدەب خۆشی وەرگرتنە بەڵام ئەگەر ئامانجی ترت نەبێو ئیشەکەت ڕێك نەخەی ئەم ئامانجەت تەواو نایەتە دی . ئامانجە سەربارەکە دەشێ جوانکاری یا ڕەوشتپەروەری یا رامیاری یا ئایینی یا زانستی بێو دەشێ خۆت بۆ نووسەرێك یا سەردەمێك یا نەتەوەیەك یا لقێکی ئەدەب یا بیروباوەڕێك تەرخان بکەی . ماوەیەکی زۆرت لە پێشە تا ئامانجێکی تایبەتی دەست نیشان بکەی .

لە تێبینیەکانی پێشەوە دەربارەی چۆنیەتی خوێندنەوەی ڕێكو پێك ئامۆژگاریم کردیت ـ بەڵام زۆرم لێنەکردی ـ کە حەفتەی چەند ڕۆژو چەند سەعاتێك بۆ خوێندنەوە تەرخان بکەی . ئێستا ئامۆژگاریت دەکەمو سووریشم لەسەر ئەوە کە کاتێك بۆ تەواو کردنی هەر ئیشێکی تایبەتی دیار بکەی . هەر ئەوەندە بەس نیە بڵێی : « دەبێ هەموو شتێ لە بارەی ڕێبازی گۆمەکان بزانم . . . » بەڵکو پێویستە بڵێی : « نابێ سالێکی پێبچێ کە هەموو شتێ لەبارەی ڕێبازی گومەکان

بزانم . . . » ئەگەر بڕیاری وا توند نەدەی کە وورەت تێ بکاتەوە ترسی سەرنەکەوتنت بەسەردا زاڵ دەبێ .

**ئامۆژگاری سێیەم :**

کتێبخانەیەك بکڕە . بێگومان ئەگەر کتێب نەبێ ناتوانی بخوێنیتەوە . دەست بە کتێب کڕین بکە . هەر کتێبێکی بە چاك ناسرا بێ بیکڕە ، هەر چۆن کارت تێدەکا با بیکا . گرنگ ئەوەیە کتێب بکڕیو بیخوێنیتەوە لێیوورد بیتەوە . ئێستا وەختیەتی بە ئاشکرا پێت بڵێم کتێب پەرست ئەو کەسەیە ـ لەگەڵ شتی تردا ـ زۆری کتێب هەبێ . ئەوەی زۆر کتێبی نەبێ کتێب پەرست نیە . کتێب پەرست دڵی بە کتێبخانەیەکی بژاردە داناکەوێ . دەیەوێ ـ بەلانی کەمەوە ـ کتێبخانەیەکی ماقوولو تەواوی هەبێ کە هەموو لقو بەشێکی تێدا بێ . جا کە بناغەی وای دانا دەتوانێ ووردە وورد لە کوێ کتێبێکی پەسندی دی بیکڕێو بیخاتە کتێبخانەکەیەوە . هەر کەسێ بایەخ بە لقێکی ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی بداو ریزی خۆی بگرێ دەبێ کتێبخانەیەکی ئەدەبیو گشتی هەبێ ، رەنگە وا تێبگەی ئەم ئامۆژگاریەی من ئامۆژگارییەکە بۆ گەیشتنە پلەی کەماڵ . بەلام وا نیە .

( مارك باتسۆن ) دەستوورێکی داناوە ، دەڵێ :

**ئەوەی حەز بکا پێی بگوترێ کتێبپەرست دەبێ بە لانی کەمەوە لە سەدا پێنجی ـ بیستی‌یەك ـ ی داهاتی خۆی بۆ کتێب تەرخان بکا .**

ئەم پێشنیارە زۆر قورس نیە . ئەگەر خوێنەر لە سەدا پێنج و کەمتریش لە داهاتی خۆی بۆ کتێب دابنێ دەتوانێ بە ماوەیەکی کەم کتێبخانەیەکی قشت پێکەوە بنێ . مەبەستم ئەوەیە دەبێتە خاوەنی کتێبخانەیەکی وا کە تەواوی بەرهەمی بلیمەتە هەلکەوتووەکانی تێدا بێ .

# نـــاواخن


| | |
|---|---|
| لەباتی پێشـــەکی | ٣ |
| بەشی یەکەم : ئامانجی ئەدەب | ٨ |
| بەشی دووەم : باری تایبەتی خوێنەر | ١٨ |
| بەشی سێیەم : نیشانەی ئەدەبیاتی کلاسی | ٢٨ |
| بەشیچوارەم : لە کوێوە دەست پێبکەین | ٣٨ |
| بەشیپێنجەم : چۆنیەتی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی کلاسی | ٤٨ |
| بەشیشەشەم : شێوە | ٥٨ |
| بەشیحەفتەم : رکابەری لەگەڵ نووسەردا | ٧٢ |
| بەشیهەشتەم : خوێندنەوەی رێكوپێك | ٨٣ |
| بەشینۆیەم : شیعر | ٨٩ |
| بەشیدەیەم : ئامۆژگاریتر | ١٠١ |


ktebi pdf

● سوپاس بۆ مامۆستا محمد عبدالكريم بەرزنجەیی کە لە چاپ کردنی ئەم نامیلکەیەدا دەستی گرتم .

● ئەم نامیلکەیە(دە) بەشە . پێنج بەشی ساڵی ۱۹۷٦ لە ڕۆژنامەی هەوکاریدا بڵاوکراونەتەوەو پێنج بەشەکەی تر بۆ جاری یەکەم بڵاو دەکرێنەوە .

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی - بەغدا ۱۹۷۸/٥۳۱